# دابەشبوونی جوگرافی هەڵبژێر(الناخب) لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکانی کوردستاندا (١٩٩٢-٢٠١٣)

**احمد رفیق کریم** **سەرپەرشتیار**

**خوێندکاری دکتۆرا** **پ.د.جزا تۆفیق تالیب**

**بەشی جوگرافیا**

**کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان- زانکۆی سلێمانی**

## پێشەکی

هەڵبژاردن پرۆسەیەکی دیموکراسییە، دەنگدەران لە ڕێی سندوقەکانی دەنگدانەوە کاندیدی دڵخوازیان هەڵدەبژێرن، ژمارەی کاندیدی سەرکەتوو بۆ پەرلەمان جگە لەوەی سەنگی هەڵبژاردنی هەر لیستێك یان هاوپەیمانییەتێکی پەرلەمانی دەستنیشان دەکات لەسەر ئاستی هەرێم، بەشێك لە پشکی پۆستە کارگێڕیە گرنگەکان لە سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکان، سەرۆکایەتی پەرلەمان...هتد دەستەبەردەکات، جگە لەوەی دەتوانێت ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەبێت لە لیژنە پەرلەمانیەکان و تێپەڕاندن یان تێنەپەڕاندنی پرۆژە یاساکان، بۆیە بەشێك لە پارتە ڕامیارییە باڵادەست و بەشدارەکان لە حکومەت و کۆمسیۆن بە ڕێگای جۆراوجۆر چ لە ڕێگەی دامودەزگاکانی حکومەتەوە چ لە ڕێگەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە خوازیارن کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی دەنگدان هەبێت بەمەبەستی شکاندنەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە لەبەرژەوەندی خۆیان، یەکێك لە و هۆکارانەی کە کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن ژمارەی دانیشتوان و هەڵبژێرە، کە دەتوانرێت لە ڕێیەوە کاریگەری لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکە بەجێبهێڵێت، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەین ژمارەی دانیشتوان و هەڵبژێر(الناخب)ی هەرێم ڕوونبکەینەوە.

**چوارچێوەی شوێنی و کاتی توێژینەوە**

مەبەست لە چوارچێوەی شوێنی توێژینەوەکە، سنوری قەڵەم ڕەوی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە پاش ئازاری ١٩٩١ ئازادکرا.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**چوارچێوەی کاتی توێژینەوەکە:** مەبەستمان لەهەموو ئەو هەڵبژاردنە پەرلەمانییانەیە کە لە دوای ڕاپەڕینەوە لەهەرێمی کوردستان ئەنجامدراون(١٩٩٢-٢٠١٣).

**کێشەی توێژینەوە:**

١- زیادبوونی دانیشتوانی هەرێم بەشێوەیەکی نا دروست چ لەسەر ئاستی هەرێم، چ لەسەر ئاستی پارێزگاکان، تەنانەت لەسەر ئاستی پارێزگایەك لە خولێکی هەڵبژاردن بۆ خولێکی دی بە جیاوازیەکی زۆر.

٢-زیادبوونی هەڵبژێر بەشێوەیەکی نا هاوتا لەگەڵ زیادبوونی دانیشتوانی پارێزگاکان.

**گریمانەی توێژینەوە:**

١-دانیشتوانی بەشێوەیەکی بەرنامەبۆ داڕێژراوی ڕامیاری و هەڵبژاردن بەشێوەیەکی سەرسوڕهێن لە گۆڕاندابووە.

٢-هەڵبژێری هەر پارێزگایەك چ لە خولێك تا خولێکی دی هەڵبژاردن،چ لەسەر ئاستی هەرێم بەشێوەیەکی نا دروست و زانستی بەردەوام لە گۆڕانی نا لۆجیکیدابووە.

**ئامانجی توێژینەوە:**

١- دەستنیشانکردنی گۆڕانی ژمارە و ڕێژەی دانیشتوانی هەرێم لە نێوان خولەکانی هەڵبژاردندا.

٢-دەستنیشانکردنی گۆڕانی ژمارە و ڕێژەی هەڵبژێری پارێزگان و هەرێم لە خولێك تا خولێکی تری هەڵبژاردن.

**گرنگی توێژینەوە:**

١- یەکەم توێژینەوەیە تا ئێستا لەسەر ژمارەی دانیشتوان و هەڵبژێری هەرێم ئەنجامدرابێت و دۆخی گۆڕانەکانیان بەشێوەیەکی ئەکادیمی دەستنیشان بکات.

٢- لەسەر بنەمای گۆڕانی دانیشتوان و هەڵبژێر لە هەڵبژاردنی خولە جیاوازەکانی پەرلەماندا، خوێنەر وێنەیەکی سەرکەوتن یان شکستی لیستێکی ڕامیاری بۆ ڕووندەبێتەوە.

٣- خوێنەر ئاشنا دەبێت بە بەشێك لە قۆناغی ئامادەکاری هەڵبژاردنەکانی هەرێم و تابلۆیەکی دروستی پرۆسەکەی لەبەر چاو دەبێت.

**میتۆدی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی(وەسف)ی و(شیکاری)بەکارهێنراوە.

**گرفتی توێژینەوە:**

١-هاریکاری نەکردنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، ئەگەر چی چەند جارێك لە ڕێ نوسینگەکانی هەولێر وسلێمانیەوە داوای داتای پێویستکرا، ئەوەی بەدەستیشخرا، لە ڕێی پەیوەندی کەسییەوە بوە لە ڕێگەی ئەو بەڕێزانەی کە لە کۆمسیۆن کاردەکەن.

٢- نەبوون یان کەمی سەرچاوەی زانستی پێویست بە بواری هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە هەرێمی کوردستاندا.

**پەیکەری توێژینەوە:**

توێژینەوەکە وەك ستانداردێکی زانستی دابەشکراوە بۆ شەش باسی جیاواز، کە بریتین لە: باسی یەکەم: سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە، باسی دووەم: دابەشبوونی جوگرافیای هەڵبژێران لە هەڵبژاردنی ١٩ی ئایاری١٩٩٢دا، باسی سێیەم: دابەشبوونی جوگرافیای هەڵبژێران لە هەڵبژاردنی٣٠ی کانونی دووەمی٢٠٠٥دا، باسی چوارەم: دابەشبوونی جوگرافیای هەڵبژێران لە هەڵبژاردنی ٢٥ی تەموزی ٢٠٠٩دا، باسی پێنجەم: دابەشبوونی جوگرافیای هەڵبژێران لە هەڵبژاردنی ٢١ی ئەیلولی ٢٠١٣دا، باسی شەشەم: دابەشبوونی جوگرافیای هەڵبژێران لە هەڵبژاردنی خولەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی (پەرلەمانی) کوردستان (١٩٩٢-٢٠١٣).


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## دابەشبوونی جوگرافی هەڵبژێر(الناخب) لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکانی کوردستاندا.

لەم تویژینەوەیەدا چوارچێوەی شوێنی توێژینەوەکە و ژمارە و ڕێژەی هەڵبژێرو ژمارەی دانیشتوانی هەر پارێزگایەك دەخەینە ڕوو بۆ هەر خولێکی هەڵبژاردن، پاشان بڕی ئەو گۆڕانکارییانەی لە نێوان خولێك بۆ خولێکی تری هەڵبژاردن ڕوویانداوە دەستنیشان دەکەین و شرۆڤەیان بۆ دەکەین، هەروەها ڕێژەی هەڵبژێری هەر پارێزگایەك بۆ تێکڕای هەڵبژێری هەرێم دەستنیشان دەکەین بۆ هەر خولێك و جیاوازی گۆڕانکارییەکان لە نێوان خولەکان دەستنیشان و ڕاڤە دەکەین دەکەین، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم باسەمان دابەشی شەش باس کردووە کە بریتین لە :

**باسی یەکەم:** سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە:

مەبەست لە سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوەکە، چوارچێوەی هەموو ئەو ڕووبەرە جوگرافییە دەگرێتەوە کە لە ڕاپەڕینی[*] ئازاری ١٩٩١ ئازادکرا و پاشان لە ١٩ی ئایاری١٩٩٢ دا یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی تێدا ئەنجامدراو دواتر یەکەم حکومەتی شەرعی و یاسایی هەرێمی کوردستانی لە ٤ تەممووزی١٩٩٢ لێ بەرهەم هات.

پاش ڕووخاندنی حکومەتی عێراق لە(٩ی نیسانی ٢٠٠٣)دا ، کۆتایهێنرا[**] بە تەمەنی٣٥ ساڵەی ڕژێمی بەعس و٨٣ساڵەی دەسەڵاتداری و باڵادەستی مەزهەبی سونی لە عێراقدا، پاش نوسینەوەی دەستوری کاتی عێراق[***] لە بڕگەی(أ)ی مادەی(٥٣)دا، بە فەرمی دان بە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا نرا وەك حکومەتی فەرمی و ئەو ناوچانەی کە تا ڕێکەوتی (١٩ی ئازاری ٢٠٠٣)بەڕێوەی دەبردن لە پارێزگاکانی دهۆك و هەولێر و سلێمانی و کەرکوك و دیالە و نەینەوا، پاشان ئەمە لەمادەی(١٤٣)[١] دەستوری هەمیشەیی عێراقیشدا چەسپێندرا، ئەوەش هەمان ئەو ڕووبەرەیە کە هەڵبژاردنی خولەکانی یەکەم تا چوارەمی پەرلەمانی کوردستانی تێدا ئەنجام دراوە و لە سێ پارێزگا پێکهاتوە و

[*] - تێڕوانینی جیاواز هەیە لەسەر چەمکی شۆڕش و ڕاپەڕین، هەندێك پێی وایە ئەگەر توانرا کۆتایی بە ڕژێمە ستەمکار و گەندەڵەکە بهێنرێت لە ڕێی بەرنامە و ڕێکخستنەکان و ئامانجێکی ڕوون، ئەوا دەبێت بەشۆڕش نەك بە ڕاپەڕین، هەندێکی تریش بە هەڵچونی جەماوەری بێ بەرنامەی دژی دەسەڵاتی ستەمکار دەڵێن ڕاپەرین، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر چەمکی شۆڕش-الثورة - Revolution تکایە بڕوانە: عبدالوهاب الکیالي و اخرون، موسوعة السیاسیة، الجزء الاول، المؤسسة– العربیة للدراسات والنشر- بیروت، ١٩٨٥، ص٨٧٠-٨٧٥. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر چەمکی ڕاپەرین - الانتفاظة- Uprising، تکایە بڕوانە: مسعود عبدالخالق، مەوسوعەی جودی بۆ چەمك و زاراوەکانی سەردەم، نوسینگەی تەفسیربۆ بلاٌوکردنەوە ڕاگەیاندن- هەولێر، ٢٠٠٨، ل٧٢٨.

[**] - پاش کۆتای هێنان بە دەسەلاٌتداری بەعس لە(٩ی نیسانی ٢٠٠٤)دا، هاوپەیمانان بەشێوەیەکی کاتی دەسەلاٌتیان گرتە دەست لە عێراق دا بە ناوی دەسەلاٌتی کاتی هاوپەیمانان- سلطة الائتلاف المؤقتة-Coalition Provisional Authority (٢١/نیسان ٢٠٠٣- ٢٨ی حوزەیران٢٠٠٤)لەم ماوەیەشدا ئەنجومەنی فەرمانڕەوایان پێکهێنا(١٣/تەموز/٢٠٠٣-١/حوزەیران/٢٠٠٤)پاشان یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقیان ئامادەکرد، دواتر حکومەتێکی کاتی بەسەرۆکایەتی دکتۆر ئەیاد عەلاوی پێکهێنرا (٢٨/حوزیران/٢٠٠٤-٣/نیسان/٢٠٠٥) یەکێك لە کارەکانی حکومەت ئەنجامدانی هەڵبژاردن بوو بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی گواستراوە لە(٣٠ی کانونی دووەمی٢٠٠٥)پاشان حکومەتی گواستراوە پێکهێنرا بەسەرۆکایەتی ئیبراهیم جەعفەری لە(٧ی نیسانی٢٠٠٥-٢٢نیسانی٢٠٠٦)، پاش نوسینەوە دەستوری هەمیشەیی لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانی لە (١٥ی ئۆکتۆبەری٢٠٠٥) گشتپیرسی لەسەرکراو پەسەند کرا، پاشان هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەنجام درا لە(١٥ کانونی یەکەمی ٢٠٠٥)و پاشتر لە(٢٢ نیسانی ٢٠٠٦)یەکەم حکومەتی هەڵبژێردراو بۆ ماوەی چوار ساڵ پێکهێنرا لە لایەن نوری کامل مالکی-یەوە: ١- مجلس الحکم، قرار(١٤) ،٢٠٠٣/٨/١١،ص ١-٢. ٢- ٢- مجلس الحکم،قرار رقم(٣٣)لسنة ٢٠٠٤، ٢٠٠٤/٣/٨،ص١. ٣- مجلس الحکم، قرار رقم(٤٦)لسنة ٢٠٠٤، ٣٠ اذار٢٠٠٤، ص١. ٤- مجلس الحکم، قرار رقم(٤٨)لسنة ٢٠٠٤، ٢٠٠٤/٣/٢٩،ص١-٢. ٥- مجلس الحکم، قرار(٩٣)لسنة ٢٠٠٤، ٢٠٠٤/٦/١،ص١. ٦- مجلس الحکم، قانون ادارة الدولة العراقیة للمرحلة الانتقالیة، ٨ اذار٢٠٠٤، ص٩٦-١١٦. ٧- مجلس النواب العراقي، تشکیل الحکومة العراقیة الانتقالیة، جریدة الوقائع العراقیة العدد ٣٩٩٨، ٥/٢٣/ ٢٠٠٥،ص٢-٤. ٨- الجمعیة الوطنیة العراقیة، قانون رقم(١١)لسنة ٢٠٠٥ قانون الاستفتاء علی مشروع الدستور، جریدة الوقائع العراقیة ، العدد(٤٠٠٥)،١٢/ تشرین الاول/٢٠٠٥، ص١-٢. ٩- جمعیة الوطنیة العراقیة الانتقالیة، الدیباجة،جریدة الوقائع العراقیة، العدد ٤٠١٢، ٢٨ کانون الاول ٢٠٠٥، ص١-٣٢.

[***] - مجلس الحکم، قانون ادارة الدولة العراقیة للمرحلة الانتقالیة، مصدر سابق، ص١١١و١١٣-١١٤.

[١] - جمعیة الوطنیة العراقیة الانتقالیة، الدیباجة، مصدر سابق، ص٣٢.


e-ISSN (2522-7130)   p-ISSN (2410-1036)

ڕووبەرەکەی(٤٦,٨٦١)[٢]کیلۆمەتر چواگۆشەیە[*]و دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی("٣٤°٢٢'٣٨ - "٣٧°٢٠'٤٤) باکور وهێڵی درێژی("٤٢°٢٦'٢٥ - "٤٦°١٦'٠١)خۆرهەلات. بڕوانە نەخشەکانی ژمارە(١،٢).

نەخشەی ژمارە(١)

دەسەڵاتی حکومەتی هەرێی کوردستان بەپێی سنوری پارێزگاکانی عێراق




سەرچاوە: کاری توێژەر بە سود وەرگرتن لە: ١- دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، نەخشەی ڕووبەری پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە کیلۆمەتر،( http://www.krso.net/Default.aspx?page=article&id=817&l=3 )، (٣٠نۆڤەمبەری ٢٠١٦)، ل١. ٢- ئەحمەد ڕەفیق کەریم، ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان، لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای سیاسیدا، بلاّوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان- سلێمانی، ٢٠١٤، ل٦٥. ٣-

[٢] - دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، نەخشەی ڕووبەری پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە کیلۆمەتر،( http://www.krso.net/Default.aspx?page=article&id=817&l=3 )، (٣٠نۆڤەمبەری ٢٠١٦)، ل١.


[*] - ڕووبەری خاکی هەرێمی کوردستان(٨٣٨٢٧)کم٢، لەم ڕووبەرە(٥٢٧٩٤)کم٢ کەدەکاتە(٦٢.٩٨٪)تێکڕای ڕووبەری خاکی هەرێمی کوردستان بە پێی مادەی(١٤٠)ی دەستوری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵ بە ناوچەی ململانێ ناوی براوە و دەبوایە تا(٣١ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٧) پاش ئاسایی کردنەوە دۆخی ئەو ناوچانە و ئەنجام دانی سەرژمێری لە ڕاپرسییەکی دانیشتوانە ڕەسەنەکەی دا چارەنوسی کارگێڕی ئەم ناوچانە یەکلابکرایەتەوە، ئایا دەگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان یان نا؟، بۆ زانیاری زیاترو هۆکاری جێ بەجێنەکردنی برگەکانی دەستوری عێراقی تایبەت بەم پرسە ، تکایە بڕوانە: ئەحمەد ڕەفیق کەریم، ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان، لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای سیاسیدا، بلاّوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان- سلێمانی، ٢٠١٤، ل٣-٥٤٢.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هاشم یاسین حمد امین حداد و ئەوانی تر، ئەتڵەس هەرێمی کورستانی عێراق و جیهان، چاپی یەکەم، تێ نوس بۆ چاپەمەنی و کاری هونەری- هەولێر، ٢٠٠٩، ل٨١.

## نەخشەی ژمارە(٢)

## پارێزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان




سەرچاوە: کاری توێژەر بە سود وەرگرتن لە: ١- دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، نەخشەی ڕووبەری پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە کیلۆمەتر،( http://www.krso.net/Default.aspx?page=article&id=817&l=3 )، (٣٠نۆڤەمبەری ٢٠١٦)، ل١. ٢- ئەحمەد ڕەفیق کەریم، ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان، لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای سیاسیدا، بلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان- سلێمانی، ٢٠١٤، ل٦٥. ٣- هاشم یاسین حمد امین حداد و ئەوانی تر، ئەتڵەس هەرێمی کورستانی عێراق و جیهان، چاپی یەکەم، تێ نوس بۆ چاپەمەنی و کاری هونەری- هەولێر، ٢٠٠٩، ل٨١.


p-ISSN (2410-1036)    e-ISSN (2522-7130)

**باسی دووەم: دابەشبوونی جوگرافیای هەڵبژێران لە هەڵبژاردنی ١٩ی ئایاری ١٩٩٢دا.**

بە پێی خاڵی یەکەمی مادەی(٢١)ی جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان (UDHR)ی ساڵی ١٩٤٨"هەموو کەسێك مافی بەشداریکردنی هەیە لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی وڵاتەکەی چ ڕاستەخۆ بێت چ لە ڕێی ئەو نوێنەرانە بێت کە ئازادانە هەڵیدەبژێریت"، هەروەها لە خاڵی(٣)ی هەمان مادە دا هاتوە" ویست(ئیرادە)ی گەل سەرچاوەی دەسەڵاتی حکومەتە و ئەم ویستەش لە هەڵبژاردنێکی خاوێن و خولیدا بەرجەستە دەبێت هەروەها دەنگدان دەبێت نهێنی یان هاوشێوەی بێت کە تیایدا ئازادی دەنگدان مۆسگەر بێت"[٣] هەروەها لە پەیمانی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسیەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان(ICCPR)و ڕێکەوتنامەی ئەوروپایی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانی ئەنجومەنی ئەوروپا(ECHR)و دەروەستەییە پەسەنەکراوەکان لە کۆنفرانسی ڕێکخراوی ئاسایش و هاریکاری ئەوروپا(OSCE) و بەڵگەنامە کۆپنهاگنی ساڵی١٩٩٠ تێکرا جەخت لە ڕۆڵی سەرەکی هەڵبژاردن لە پاراستنی مافی هاوڵاتیان بەشداریکردن لە دەسەڵاتی وڵاتەکەیان دەکەنەوە[٤]، لەبەر ڕۆشنایی خاڵەکانی سەرەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی هەموو ئەو کەسانەی مەرجە یاساییەکانی هەڵبژاردن(دەنگدان) یان تێدایە مافی هەڵبژاردنی هەیە لە پرۆسەیەکی ئازاد دا.

لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانی(پەرلەمان)کوردستاندا، بە بڕیاری بەرەی کوردستانی ئەم مافەی بۆ هەموو کوردستانیان کە مەرجی هەڵبژاردنیان تێدا بەرجەستە بووە فەراهەم کردووە هەموو ئەو کەسانەی کە مەرجەکانی دەنگدانیان تێدابەرجەستە بوو و لە دایك بووی ١٩٧٤/٥/١٩ و پێشتر بوون مافی دەنگدانیان هەبوو[٥]، ئەمە جگە لە کردنەوەی بنکەکانی هەڵبژاردن لە زۆرینە ناوچە ئازادکراوەکانی هەرێمی کوردستان، تەنانەت بۆ کوردستانیانی ئاوارەی کەرکوکیش لە ناوچە ئازادکراوەکانی هەرێم دا. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پشك و بەرکەوتەی دابەش بوونی هەڵبژێرانی هەرێم بەسەر پارێزگاکاندا، بڕوانە خشتەی ژمارە(١) و شێوەی ژمارە(١) و نەخشەی ژمارە(١).

بە ڕەچاوکردنی خشتەی ژمارە(١) و شێوەی ژمارە(١) و نەخشەی ژمارە(١) بۆمان دەردەکەوێت دانیشتوانی پارێزگای دهۆك (٣١٣,٥٠٠)کەسە، (١٢,٨٦٪)ی کۆی دانیشتوانی سێ پارێزگاکەی هەرێمی پێکهێناوە، (١٧٨,٠٠٠) هەڵبژێر بۆ ئەم پارێزگایە خەمڵێندراوە، دەکاتە(٥٦,٧٨٪)ی کۆی دانیشتوانی پارێزگاکە، بە ڕێژەی(١١,١٨٪) ئەم پارێزگایە

---

([٣])- الامم المتحدة/حقوق الانسان/ مكتب المفوض السامي، الاعلان العالمي لحقوق الانسان، page number.http://www.ohchr.org/AR/UDHR/Pages/UDHRIndex.aspx,25August2017.no

([٤])- ڕێکخراوی ئاسایش و هاریکاری ئەوروپا، هەڵسەنگاندنی هەڵبژاردن،و. باوکی هانی، گۆڤاری هەڵبژاردن،ژمارە(١٦)،کانوونی یەکەمی ٢٠١١،ل٢٧.

([٥])- المجموعة القانونية الدولية لحقوق الانسان، انتخابات بلا حدود تقرير حول انتخابات مايس ١٩٩٢ في كوردستان العراق، ت. مكتب الدراسات والبحوث المركزي الحزب الديمقراطي الكوردستاني،الطبعة الاولى،دراسة رقم "٤٣"، ١٩٩٩، ص٦٦.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

### خشتەی ژمارە(١)

### ژمارە و ڕێژەی دانیشتوان و ژمارە و ڕێژەی هەڵبژێر/دانیشتوانی هەر پارێزگایەك و هەرێم لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لە(١٩/٥/١٩٩٢)دا

| پارێزگا | ژ. دانیشتوان | (٪) بۆ دانیشتوانی هەرێم | ژ. دەنگدەری پێشبینیکراو(هەڵبژێر) | هەڵبژێر/دانیشتوانی پارێزگا | | (٪)هەڵبژێر/هەڵبژێری هەرێم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | (٪) | جیاوازی (٪) لەگەڵ تێکڕا | |
| دهۆك | ٣١٣,٥٠٠(*) | ١٢,٨٦ | ١٧٨,٠٠٠ | ٥٦,٧٨ | ١١,١٨ | ١٦,٠١ |
| هەولێر | ٩٦٣,٧٠٠ | ٣٩,٥١ | ٣٤٠,٠٠٠ | ٣٥,٢٨ | ١٠,٣٢- | ٣٠,٥٧ |
| سلێمانی | ١,١٦١,٧٠٠ | ٤٧,٦٣ | ٤٥٠,٠٠٠ | ٣٨,٧٤ | ٦,٨٦- | ٤٠,٤٧ |
| کەرکوك** | - | - | ١٤٤,٠٠٠ | - | - | ١٢,٩٥ |
| کـــــۆ | ٢,٤٣٨,٩٠٠ | ١٠٠ | ١,١١٢,٠٠٠ | ٤٥,٦ | - | ١٠٠ |

(*)- دەستەی باڵای سەرپەرشتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی پشتی بەم هەژمارکردنەی دانیشتوان بەستوە کە لە لایەن بەڕێوبەری ئاماری پارێزگای دهۆك خەملێندراوە و ئامادەکراوە(دانیشتوانی پارێزگای دهۆك بە پێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧(٢٩٣,٣٠٤)کەس بوە، ئەنجامی سەرژمێری گەمارۆسازی دانیشتوانی کوردی گەڕاوەی پارێزگاکە بۆ سالی ١٩٨٩ لەگەڵ زیادبوونی خەملێندراو(٦,٥٩٤)کەسە، ژمارەی دانیشتوان گەڕاوە لە تورکیا و ئێران بە پێی گەمارۆسازی(٥٣,٧٤٣)کەسە، زیاد بوونی دانیشتوانی پارێزگای دهۆك تا سالی ١٩٩٢(بە پێی خەملاَندنی زیادبوون بە ڕێژەی ٣,٣٪ (٤٥,٥٠٨)کەسە، سەرجەم دەکاتە ٣٩٩,١٤٩کەس، ژمارەی دانیشتوانی ئاکرێ و شێخان بۆ ساڵی ١٩٩٢(١٨٧,٠٧٣)کەسە، ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای دهۆك کە لە کۆمەڵگاکانی (دیاربەکر و موشە و مێردین)(کوردستانی تورکیا- توێژەر) بوون لە ساڵی ١٩٩٢دا (٢٠,٠٤٣)کەس بوون، سەرجەم دەکاتە(٦٠٦,٢٦٥)کەس بۆ زانیاری زیاتر لەسەر دەستنوسی بەڕێوەبەری ئاماری پارێزگای دهۆك بڕوانە پاشکۆی ژمارە(١). خۆ ئەگەر ئەم زیاد بوونەی دانیشتوان بۆ پارێزگای دهۆك دروست بێت، بۆ پارێزگاکانی تری هەولێر و سلێمانیش لایەنی کەم هەمان ڕێژەی زیاد بوون دروستە!! لەکاتێکدا دانیشتوانی پارێزگای دهۆکهۆك نزیکەی ٣/١ دانیشتوانی پارێزگای هەولێر و ٤/١ دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی بووە.

(**)- دەستەی باڵای سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان(١٦) بنکەی هەڵبژاردنی بۆ پارێزگای کەرکوك تەرخانکردوە بۆ(١٤٤,٠٠٠) هەڵبژێری خەملێندراو(التقديري)، واتە تێکڕا(٩,٠٠٠)هەڵبژێر بۆ بنکەیەکی هەڵبژاردن، ئەو ناوچانەشی کە بە ناوی پارێزگا کەرکوك بنکەی دەنگدانیان بۆ تەرخانکراوە بریتین لە( قوتابخانەی ئەختەری سەرەتای تێکەڵ لە چەمچەماڵ(١٢,٠٠٠)، قوتابخانەی ڕۆژی سەرەتایی تێکەڵ لە چەمچەماڵ(١٢,٠٠٠)، قوتابخانەی ڕیازی سەرەتایی تێکەڵ لە شۆڕش(٨,٠٠٠)، قۆتابخانەی شوعلەی سەرەتایی تێکەڵ لە شۆرش(٨,٠٠٠)، قۆتابخانەی نەسری سەرەتایی تێکەڵ لە شۆرش(٨,٠٠٠)، قۆتابخانەی ١٧ای تەموز(٨,٠٠٠)، قوتابخانەی بەردەقارەمانی سەرەتایی تێکەڵ لە تەکیەی کاکەمەند(١٠,٠٠٠)، قۆتابخانەی نەهزەی سەرەتایی تێکەڵ لە دەربەندیخان (٥,٠٠٠)، ناوەندی تەندروستی دەربەند بێرولەی قەزای خانەقین(٣,٠٠٠)قوتابخانەی سەلامی سەرەتایی تێکەڵ(٣,٠٠٠)، قوتابخانەی ئەلۆەنی سەرەتایی تێکەڵ لە قەزای کەلار(١٠,٠٠٠)، قوتابخانەی زۆزگی سەرەتایی تێکەڵاو لەقەزای کەلار(١١,٠٠٠) قوتابخانەی ڕسالە سەرەتایی تێکەڵ لە قەزای کەلار(١١,٠٠٠)، قوتابخانەی قانعی سەرەتایی تێکەڵ لە صمود(١٠,٠٠٠)، قوتابخانەی فاو-ی سەرەتایی تێکەڵ لە ناحیە صمود(١١,٠٠٠)، قوتابخانەی کفری سەرەتایی تێکەڵ لە قەزای کفری(١٠,٠٠٠) وەك دەزانین دەستەی باڵاَ چەند جارێك کەوتونەتە هەڵەوە: ١- کۆی ژمارەی هەڵبژێرە تەرخانکراوەکان دەکاتە(١٣٩,٠٠٠)نەك(١٤٤,٠٠٠)(توێژەر). ٢- تەنها قوتابخانەی کفری سەرەتایی وبنکەی تەندروستی دەربەند بێلولەی و قوتابخانەی سەلامی تێدایە لەدەرەوەی پارێزگای سلێمانی بوون کە تەنها(١٦,٠٠٠)هەڵبژێری بۆ تەرخانکراوە واتە(١١,٥٪)هەڵبژێرە خەملێندراوەکان کە ناکەونە پارێزگای سلێمانی، تێکڕای هەڵبژێرەکانی تری قەزاو ناحیە ئاماژە بۆکراوەکان کە(١٢٣,٠٠٠)هەڵبژێرن و دەکاتە(٨٨,٤٨٪)ی هەڵبژێرەکان دەکەونە پارێزگای سلێمانییەوە.٣- دەستە هیچ ئامارێکی لا نەبووە سەبارەت بە ژمارەی هاوڵاتیانی پارێزگای کەرکوك لە پارێزگاکانی تری هەرێم و هیچ سەرژمێرییەکیشی بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام نەداوە، بۆیە دانانی ئەم ژمارەیە(بنکەی دەنگدان و هەڵبژێری پێشبینیکراو)بە ناوی پارێزگای کەرکوکەوە زۆر دوورە لە ڕاستی جگە لەوەی لە ساڵی ١٩٨٨دا ڕژێم زۆر بە چڕی پرۆسەی ئەنفالی لە زۆربەی ئەم ناوچەنەدا ئەنجامدا و هەزارەها هاوڵاتی لە هەردوو ڕەگەزو و لە هەموو تەمەنێك ئەنفالکرد، بۆ بینینی دەستنوسی دەستەی باڵای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی و دابەشکردنی هەڵبژێری خەملێندراو بەسەر بنکەکانی دەنگداندا تکایە بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٢).


e-ISSN (2522-7130)   p-ISSN (2410-1036)

سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەسوود وەرگرتن لە: أ- سلێمان مستەفا حەسەن، کورد و یەکەم ئەزمون، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ- سلێمانی، ٢٠١٧، ل١٦١و٤٧٧. ب- جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية١٩٩٢، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء، بغداد، ١٩٩٢، ص٣٦. بەکارهێنانی بەرنامەی(IBM SPSS Statistics v.24).

هەڵبژێری زیاتر بەرکەوتوە ئەگەر بەراووردی بکەین بە تێکڕای هەڵبژێر/دانیشتوانی هەرێم، لەسەر ئاستی هەرێمیش ڕێژەی هەڵبژێری ئەم پارێزگایە بەرزە(١٦,٠١٪)کۆ دەنگدەرانی پارێزگاکانی هەرێم پێکدەهێنێت، واتە بە ڕێژەی (٣,١٥٪)زیاترە لە ڕێژەی دانیشتوانی ئەم پارێزگایە بۆ کۆی دانیشتوانی هەرێم.

شێوەی ژمارە(١)

(٪)دانیشتوان و هەڵبژێر/دانیشتوانی هەرێم و (٪)هەڵبژێر/هەڵبژێری هەرێم لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لە(١٩٩٢/٥/١٩)دا





سەرچاوە: کاری توێژەر بە سود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە(١).

دانیشتوانی پارێزگای هەولێرلە ساڵی ١٩٩٢دا (٩٦٣,٧٠٠)کەس بووە، (٣٩,٥١٪)ی کۆی دانیشتوانی پارێزگاکانی هەرێمی پێکهێناوە، ئەم پارێزگایە(٣٤٠,٠٠٠)هەڵبژێری بۆ خەمڵێندراوە و(٣٥,٢٨٪)ی کۆی دانیشتوانی پارێزگاکەیە، بە ڕێژەی(-١٠,٣٢٪)کەمتر هەڵبژێر بۆ ئەم پارێزگایە تەرخانکراوە ئەگەر بەراورد بکرێت بە ڕێژەی


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

نەخشەی ژمارە(١)

**ژمارە و(٪)دانیشتوان/دانیشتوانی هەرێم و ژمارە و رێژەی هەڵبژێر/ دانیشتوانی پارێزگا و هەرێم لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لە(١٩٩٢/٥/١٩)دا**




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە:١- دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، نەخشەی رووبەری پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە کیلۆمەتر،( http://www.krso.net/Default.aspx?page=article&id=817&l=3 )، (٣٠نۆڤەمبەری ٢٠١٦)، ل.١. ٢- داتای خشتەی ژمارە(١). بە بەکارهێنانی بەرنامەی( Arc GIS 10.2).

**هەڵبژێر/دانیشتوانی هەرێم، هەر بۆیەش هەڵبژێری پارێزگای هەولێر(٣٠,٥٧٪)ی کۆی هەڵبژێری هەرێمی پێکهێناوە، ئەمەش کەمترە بە رێژەی(٨,٩٤٪)ی رێژەی دانیشتوانی ئەم پارێزگایە بۆدانیشتوانی هەرێم.**


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی(١,١٦١,٧٠٠)کەسە، (٤٧,٦٣٪)کۆی دانیشتوانی پارێزگاکانی هەرێمی پێکهێناوە، (٤٥٠,٠٠٠) هەڵبژێر بۆ ئەم پارێزگایە خەملێندراوە واتە(٣٨,٧٤٪)کۆی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی، بە ڕێژەی(-٦,٨٦٪)کەمتر هەڵبژێر بۆ ئەم پارێزگایە تەرخانکراوە بە بەراورد بە بەرکەوتەی هەڵبژێر/پارێزگاکانی هەرێم، لەسەر ئاستی هەرێمیش (٤٠,٤٧٪)ی کۆی هەڵبژێرەکان بەر ئەم پارێزگایە کەوتووە، ئەمەش بە ڕێژەی(-٧,١٦٪)کەمترە لە ڕێژەی دانیشتوانی ئەم پارێزگایە بۆ دانیشتوانی پارێزگاکانی هەرێم.

هیچ زانیارییەك نیە سەبارەت بە ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوك لە هەرێمدا، چ ئاوارەی ناو شاری کەرکوك چ نیشتەجێی قەزاکانی پارێزگاکە کە پاشتر لە پارێزگای کەرکوك دابڕێنران و خرانە سەر پارێزگاکانی تری هەرێم و عێراق. لە ئەگەری نەزانینی ژمارە دانیشتوانی پارێزگای کەرکوك(ئەو ناوچانەی کە دەستەی باڵای سەرپەرشتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی بە ناوچەی کەرکوك ناوی بردووە) ئەوا نازانین بەرکەوتەی هەڵبژێر بۆ دانیشتوانی ئەم ناوچەیە چەندە و چەندی دانیشتوانەکەی پێکهێناوە، بەڵام دەستەی باڵا(١٤٤,٠٠٠) هەڵبژێری بۆ ئەم ناوچەیە تەرخانکردووە ئەمەش(١٢,٩٥٪)ی کۆی هەڵبژێرانی هەرێم پێکدەهێنێت.

لەسەر ڕۆشنایی داتاکانی خشتەی سەرەوە دەگەینە چەند ڕاستییەك:

١- بەهۆی ئەنجام نەدانی سەرژمێری گشتی لە لایەن بەرەی کوردستانی، تەواوی پرۆسەی هەڵبژاردن دەکەوێتە ژێر پرسیاری ڕاستەقینەوە، چونکە :

أ. بەرەی کوردستانی و دەستەی باڵای سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان هیچ تۆمارێکی دەنگدەرانیان لەبەر دەستتدا نەبوە تا بزانن لە ڕووی یاساییەوە چەند هەڵبژێر مافی دەنگدانی هەیە، دیارە ئەمەش بە هۆی نوێیی کارگێڕی کردنی ناوچە تازە ئازادکراوەکانەوە بوە لە لایەن بەرەی کوردستانییەوە کە تەنها نزیکەی ١٤ مانگ بوە ڕاپەڕین لەم ناوچانە ئەنجام درابوو، هیچ پەیوەندییەکی کارگێڕی و ڕامیاری و دیبلۆماسی لە نێوان ڕژێم و بەرەی کوردستانیشدا نەبوە تا میری هاریکاری دەستەی باڵای سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کردبێت بە پێدانی داتای دروست لەسەر دانیشتوانی پارێزگاکانی هەرێم و دروست کردنی تۆماری دەنگدەران، بە پێچەوانەشەوە هەڵبژاردنەکەشی بە نایاسایی و نادەستوری دەزانی چونکە بە پێچەوانەی دەستوری عێراق و یاسای ئۆتۆنۆمی ژمارە(٢٣)ی ساڵی١٩٧٤ی دەزانی[٦].

ب. نەزانراوە چەند مەڵبەند(بنکە)ی هەڵبژاردن پێویستە تەرخان بکرێت بۆ هەر پارێزگایە، نەزانراوەیشە هەر بنکەیەك چەند وێستگەی بۆ تەرخانبکرێت.

ت. نەتوانراوە بە پێی شوێنی جوگرافی هەڵبژێر، بنکەی دەنگدانی بۆ تەرخانبکرێت، کە تەنها مافی هەبێت لەو بنکە دیاریکراوەدا دەنگ بدات، بەڵکو بە پێچەوانەوە تەواوی دەنگدەران ناویان لە سەرجەم بنکەکانی دەنگدان هەبووە.

پ. ڕەچاوی کات نەکراوە بۆ دەنگدانی هەڵبژێر، نەزانینی ژمارەی هەڵبژێر هۆکاری نەبوونی بەرچاو ڕوونی بووە بۆ بەرکەوتەی کات بۆ هەر هەڵبژێرێك. ئەمە جگە لەوەی دوور لە هەموو پێوەرێکی زانستی و ڕەچاوکردنی کات ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە هەڵبژێر بە خەملاندن تەرخانکراوە بۆ بنکەکانی هەڵبژاردن، بۆ نمونە ئەو ژمارە هەڵبژێرە خەملێندراوەی کە بۆ بنکەی هەڵبژاردنی قوتابخانەی بودەیش لە پارێزگای دهۆك.

(٦)- المجلس الوطني: ما يسمى بمجلس وزراء الحكم الذاتي لا يتمتع بأية صفة قانونية و قراراته غير مشروعة، جريدة العراق، العدد(٥٣٠)،١٤ تموز١٩٩٢، ص١.


e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

تەرخانکراوە گەیشتۆتە(١٨,٧٧٤)[٧]هەڵبژێر؟!. ئەگەر ڕەچاوی کات بکەین بۆ ئەوەی هەڵبژێرەکان بتوانن دەنگ بدەن، پێویستی بە زیاتر لە(٤٠) وێستگەی هەڵبژاردن بوە، ئایا لە بنکەیەکدا لە(٤٠)وێستگە توانراوە دەنگ بدرێت؟بێگومان نەخێر، هەر بنکەیەکی هەڵبژاردن تەنها لە یەك وێستگەی هەڵبژاردن پێکهاتووە.

٢- سەرەڕای ئەنجام نەدانی پرۆسەی سەژمێری، دۆخی ڕامیاری و ئاسایش و ئابوری لە دۆخێکی یەکجار سەختدا بوە، ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر ئاواربوون و دەربەدەربوونی دانیشتوان چ دانیشتوانی هەرێم بۆ وولاَتانی دراوسێ، چ دانیشتوانی ناوچە دابڕاوەکان بۆ ناوچە ئازادکراوەکانی تری هەرێم و وولاَتانی دراوسێ.

٣- بەرژەوەندی ڕامیاری لە نێوان هەندێك ئەندامانی دەستەی باڵای سەرپەرشتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، فاکتەرێکی تری کاریگەر بووە لەسەر دابەشکاری نایەکسانی ژمارەی هەڵبژێرەکان بۆ هەر پارێزگایەك، بۆ نمونە، تێکڕای هەڵبژێر لەسەر ئاستی پارێزگای دهۆك(١١,١٨٪)ی لە تێکڕای کۆی پارێزگاکانی هەرێم زیاترە، بەڵام لە بەرامبەردا تێکڕای هەڵبژێر لە پارێزگای هەولێر بە ڕێژەی(-١٠,٣٢٪)کەمتری بۆتەرخانکراوە بە بەراورد بە ڕێژەی هەڵبژێری پارێزگاکانی هەرێم، هەرچی پارێزگای سلێمانیشە بە هەمان شێوە بەڕێژەی(-٦,٨٦٪)کەمتری لە هەڵبژێر بۆتەرخا- نکراوە، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر:

أ. تەرخانکردنی ڕێژەی هەڵبژێر بۆ پارێزگای دهۆك بە ڕێژەی(١١,١٨٪)زیاتر لە پارێزگاکانی تر، واتە ڕەخساندنی دەرفەت بۆ بەرزبوونەوەی دەنگدان لەم پارێزگایە بە ڕێژەی(١١,١٨٪)، ئەمەش زیاتر لەبەرژەوەندی ئەو لایەنە ڕامیارییە دەبێت کە پارێزگای دهۆکجێ هەژموونیەتی.

ب. تەرخانکردنی هەڵبژێر بۆ پارێزگای هەولێر بە ڕێژەی(-١٠,٣٢٪)واتە، بەشداریکردنی دەنگدەری کەمترلە ڕێژەی یاسایی خۆی و کەمتر بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی خۆیاندا لە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان.

ت. کەمتر تەرخانکردنی ژمارەی هەڵبژێر بۆ پارێزگای سلێمانی، واتە کەمتر بەشداریکردن لە دیاریکردن و هەڵبژاردنی بۆ ئەم پارێزگایە بە ڕێژەی(٦,٨٦٪)کەمتر لە ڕێژەی ئاسایی خۆیان. ئەگەر تێکڕای هەڵبژێر/دانیشتوانی هەرێم بکەین بە پێوەر دەبوو پارێزگای دهۆك (١٤٢,٩٥٦)هەڵبژێری بەربکەوتبایە نەك(١٧٨,٠٠٠)، دەبوو پارێزگای هەولێر(٤٣٩,٤٤٧) هەڵبژێری بەر بکەوتبایە نەك(٣٤٠.٠٠٠)، دەبوو پارێزگای سلێمانی(٥٢٩.٧٣٦) هەڵبژێری بەربکەوتبایە نەك(٤٥٠,٠٠٠) هەڵبژێر.

ئەمانەش کاریگەرییان دەبێت لەسەر دەرچوونی ژمارەیەکی کەمتر لە بەربژێرانی ئەم پارێزگایە لە بەرامبەر بەربژێرانی پارتی باڵادەست لە پارێزگای دهۆك، ناردنی ژمارەیەکی کەمتر لە نوێنەرانی ئەم ناوچانە بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، بە بەراورد بە پارێزگای دهۆککە ژمارەیەکی زیاتر لە نوێنەران دەنێرن لەسەر حسابی پارێزگاکانی تر.

٤- بەرەی کوردستانی و دەستەی باڵای سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ئەزمونی هاوشێوەی پێشتریان نەبووە، بۆیە شڵەژاوی و نا ڕێکییەك بە پرۆسەکەوە دەبینرێت، یەکێك لە

(٧)- بەدران ئەحمەد حەبیب، هەڵبژاردنەکانی کوردستان١٩ ئایار١٩٩٢ بەڵگەو دەستهاوێژ،چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر ،١٩٩٨،ل٦٦.

**هۆکاری ئەنجامدانی بە پەلە پروزکێی پرۆسەکە دەگەڕێتەوە بۆ کێشانەوەی دام ودەزگا کارگێڕییەکانی میری لە ناوچە ئازادکراوەکان لە ٢٦ئۆکتۆبەری ١٩٩١[٨]دا، بەمەش بۆشایی یاسایی و کارگێڕی دروست بوو، بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە کارگێڕییە دەبوو بەرەی کوردستانی بڕیای هەڵبژاردنی بدایە، بۆیە بە ناچاری تەنها لە ماوەی ٤٢ ڕۆژدا بڕیاری لە ئەنجام دانی پرۆسەکەدا و پرۆسەکەشی جێبەجێکرد.**

**باسی سێیەم: دابەشبوونی جوگرافیای هەڵبژێران لە هەڵبژاردنی٣٠ی کانونی دووەمی ٢٠٠٥دا.**

**پاش تێپەڕینی نزیکەی١٣ ساڵ[*]بەسەر هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق لە ساڵی١٩٩٢دا، هەڵبژاردنی خولی دووەمی پەرلەمان ئەنجامدرا لە لایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق[**]بە هاریکاری و هەمئاهەنگی تیمی تایبەتی هەڵبژاردنی نەتەوەیەکگرتوەکان[*]،**

---

(٨)- پەرلەمانی کوردستان، مێژووی هەڵبژاردن،

http://www.kurdistan-parliament.org/Default.aspx?page=page&c=Parliament-History,19Octorber2017.-

(*)- لە جەنگی ناوخۆی(برا کوژی) هەرێمدا لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان ماوەی یاسایی تەواو بو، لە دانیشتنێکی نائاساییدا پەرلەمان لە گوندی دارەبەن لە ڕێکەوتی ١٩٩٥/٥/٢٧دا کۆبۆوە و لە بڕیاری ژمارە(١) دا، یاسای ژمارە "١"ی ساڵی ١٩٩٥ یاسای درێژکردنەوەی ماوەی یەکەمین خولی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراقی دەرکرد، بە پێی مادەی یەکەمی یاساکە تەمەنی پەرلەمانی بۆ یەك ساڵ درێژکردەوە لە ڕێکەوتی(١٩٩٥/٦/٤)ەوە: پەرلەمانی کوردستان، یاسای درێژکردنەوەی ماوەی یەکەمین خولی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق،

-http://www.kurdistan-parliament.org/Default.aspx?page=byyear&c=LDD-Yasa&id=1995,16February .٢٥٢2018.p.

پاش درێژە کێشانی جەنگی براکوژی، پەرلەمان لە دانیشتنی نێوان(شاوەیس، مەلائۆمەر- هەولێر)لە ڕێکەوتی١٩٩٦/٦/٣دا لە بڕیاری ژمارە (١)دا یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٦(یاسای دووەمین درێژکردنەوەی ماوەی یەکەم خولی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق)ی دەکرد، بە پێی مادەی یەکەم خولی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق لە ڕۆژی(١٩٩٦/٦/٤)ەوە بۆ ماوەی(٣)مانگ درێژکردەوە، وەك لە مادەی یەکدا هاتوە قابیلی درێژکردنەوەی دیکەشە. پەرلەمانی کوردستان، یاسای دووەمین درێژکردنەوەی ماوەی یەکەم خولی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق،

,16February2018.p.253.١٩٩٦http://www.kurdistan-parliament.org/Default.aspx?page=byyear&c=LDD-Yasa&id=-

جارێکی تر پەرلەمان لە ٣/ 9/١٩٩٦دا کۆبۆوە بڕیاری ژمارە ٢ی دەرکرد بە پێی مادەی یەکەمی یاسای ژمارە(٢)ی سالی ١٩٩٦ یاسای درێژکردنەوەی یەکەم دەورەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، دەورەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق تاکو ١٩٩٨/٦/٤درێژکرایەوە، پەرلەمانی کوردستان، یاسای درێژکردنەوەی یەکەم دەورەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق،

-http://www.kurdistan-parliament.org/Default.aspx?page=byyear&c=LDD-Yasa&id=1996,16February2018,0p.255

بۆ جاری چوارم لەسەر یەك پەرلەمان لە بڕیاری ژمارە(٩) لە ڕۆژی ١٩٩٨/٤/١٥ دا یاسای ژمارە(٢)ی ساڵی ١٩٩٨ یاسای درێژکردنەوەی خولی هەڵبژاردنی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عێراق- ی دەرکرد، وەك لە مادەی یەکەمدا هاتوە "ئەنجومەن کارا دەبێت تا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی تازە و بەستنی یەکەم دانیشتنی خۆی": پەرلەمانی کوردستان، یاسای ژمارە(٢)ی ساڵی ١٩٩٨ یاسای درێژکردنەوەی خولی هەڵبژاردنی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عێراق،

-http://www.kurdistan-parliament.org/Default.aspx?page=byyear&c=LDD-Yasa&id=1998,16February2018. P115.

(**)- بە پێی مادەی هەژدە لە یاسای ژمارە(٤٧)ی ساڵی ٢٠٠٤ یاسای سێیەم هەموارکردنی ژمارە(١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق" کۆمسیاریەتی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، بۆ سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی خولی دووەمی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق بەڕێوەبردنیشی کە لەم یاسایەدا هاتووە جێگای هەیئەی باڵا دەگرێتەوە" ئەوەی شایانی باسە بە پێی مادەی دووەمی هەمان یاسا" بەپێی یاسایی، هەئیەتێکی باڵای سەرخۆ، بۆ سەرپەشتی هەڵبژاردنەکان و هەڵسوڕاندنی چالاکییەکانی هەڵبژاردن، لە هەرێمی کوردستانی عێراق، پێکدەهێنرێ...تاد.": ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی- عێراق، یاسای ژمارە(٤٧)ی ساڵی٢٠٠٤ یاسای سێیەم هەموارکردنی یاسای ژمارە(١)ی هەموارکراوی ساڵی(١٩٩٢)ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق،

- http://www.kurdistan-parliament.org/Default.aspx?page=byyear&c=LDD-Yasa&id=2004,16February2018.p1-3.

(*)- بە پێی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی ژمارە(١٥٤٦) نەتەوە یەکگرتوەکان هاریکاری پێشکەش دەکەن بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ پرسی هەڵبژاردن، لە سەر داوای ئەنجومەنی فەرمان ڕەوای عێراق و دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان داوای هاریکار لە تیمی هەڵبژاردنی نەتەوەیەکگرتوەکانیان کرد بەمەبەستی سەرختسنی


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بۆیەکەمین جار بوو پرۆسەیەکی هەڵبژاردن لەدوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسەوە ئەنجام بدرێت لە عێراقدا، ئەم هەڵبژاردنە هاوکات بوو(**)لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق(الجمعیة الوطنیة العراقیة) لە ٣٠کانوونی دووەمی ٢٠٠٥دا، لەم خولەی هەڵبژاردندا(٢,١١٣,١٨٦)[٩] کەس کە لە دایك بووی(١٩٨٦/١٢/٣١) یان پێشتر بوون مافی دەنگدانیان هەبوو[١٠]لە هەر سێ پارێزگاکەی حکومەتی هەرێمدا، بەم جۆرەی خوارەوە، بڕوانە خشتەی و شێوە و نەخشەی ژمارە(٢).

### خشتەی ژمارە(٢)

### ژمارە و ڕێژەی دانیشتوان و ژمارە و ڕێژەی هەڵبژێر/ دانیشتوانی هەر پارێزگایەك و هەرێم لە هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نیشتیمانی  لە (٢٠٠٥/١/٣٠)دا.

| پارێزگا | ژ. دانیشتوان(*) | (%) بۆ دانیشتوانی هەرێم | ژ. هەڵبژێر(**) | هەڵبژێر/دانیشتوانی پارێزگا | | (%)هەڵبژێر/هەڵبژێری هەرێم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | (%) | ڕێژەی جیاوازی لەگەڵ تێکرا(%) | |
| دهۆك | ٥٦٢,٠٠٠ | ١٥,٧٦ | ٤٠٤,٣٢٠ | ٧١,٩٤ | ١٢,٦٨ | ١٩,١٣ |
| هەولێر | ١,٣٤٥,٠٠٠ | ٣٧,٧٢ | ٧٩٥,٢٢٠ | ٥٩,١٢ | ٠,١٤- | ٣٧,٦٣ |
| سلێمانی | ١,٦٥٩,٠٠٠ | ٤٦,٥٢ | ٩١٣,٦٤٦ | ٥٥ | ٤,٢٦- | ٤٣,٢٤ |

پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی عێراق، ٥٦ فەرمانبەر لە تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق کاریان کرد بۆ سەرخستنی پرۆسەکە، بۆ زانیاری زیاتر تکایە بڕوانە: الامم المتحدة، نشر معلومات الامم المتحدة لانتخاب ٢٠٠٥،

- http://www.ihec-iq.com/ftpar/regulation2005/other/2005_election_fsheet_ar.pdf,28August2011,p.2,3.

(**)- لە برگەی(ب) مادەی(٥٧)ی یاسای بەڕێوەبردنی عێراق لە قۆناغی گواستنەوەدا هاتووە"هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە سەرانسەر عێراقدا و ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لە هەمان وادەی هەڵبژاردنەکان(مەبەست لە هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانی عێراقە) ئەنجام دەدرێن بە جۆرێك لە ڕێکەوتی ٣١کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ تێپەڕ نەکات، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر یاسای بەڕێوەبردنی عێراق لە قۆناغی گواستنەوە دا تکایە بڕوانە: دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان لە عێراق ،" یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق لە قۆناغی گواستنەوە" ٨-٣-٢٠٠٤،

- http://www.cpa-iraq.org/democracy/TAL-Kurdi.pdf,17April2009,p.24.

(٩)- المفوضیة العلیا المستقلة للانتخابات في العراق، ملخص لانتخابات برلمان اقلیم کردستان٢٠٠٥، غیر منشور، بدون رقم الصفحة.

(١٠)- المفوضیة العلیا المستقلة للانتخابات في العراق، نظام رقم(٢)لسنة ٢٠٠٤(تسجیل الناخبین)،

http://www.ihec.iq/ar/index.php/prosedur-٢٠٠٤.html,30September2017,p.1..

(*)- ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکانی هەرێم بە پێی وەزارەتی پلاندانانی عێراق بەم جۆرەیە:- پارێزگای دهۆك(٤٨٣,١٠٥)کەس، پارێزگای هەولێر(١,٤٤٠,٥٩٠)کەس، پارێزگای سلێمانی(١,٧٧٣,١٠٠)کەس، سەرجەم(٣,٦٩٦,٧٩٦)کەس: جمهوریة العراق، وزارة التخطیط والتعاون الانمائي، الجهاز المرکزي للاحصاء وتکنولوجیا المعلومات، المجموعة الاحصائیة السنویة لعام ٢٠٠٥-٢٠٠٦، بدون عدد الطبعة، بدون مکان طبع، بدون سنة الطبع، ص٥٦.

(**)- داتاکان جیاوازن لە سەرچاوەیەك تا سەرچاوەیەکی تر تەنانەت لە سەرچاوەیەکی فەرمی تا سەرچاوەیەکی تری فەرمی کۆمسیۆنیش، بۆ نموونە بە پێی وتەی مامۆستا حەمە ساڵح بەڕێوەبەری ئۆفیسی سلێمانی دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان نزیکەی(٩١٩,١٦٠)کەس مافی دەنگدانیان هەبوە لە پارێزگای سلێمانی، واتە (٥,٥١٤)دەنگدەری زیاترە لە داتای وەرگیراو لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق.. ژینۆ عبدالله، ئەمڕۆ نزیکەی ١٤ملیۆن هاووڵاتی عێراق و کوردستان دەنگدەدەن، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٣٥٨٣)،٢٠٠٥/١/٣٠، ل١-٢.هەروەها جیاوازی هەیە لە داتا بڵاوکراوەکانی کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە میدیاکانەوە، بۆ نموونە ژمارەی دانگدەرانی هەرێم  لە ڕۆژنامەی مەدا بەم جۆرەیە" دهۆك(٤٢٩,١٨٢)دەنگدەر، هەولێر(٧٩٥,٢٩١) دەنگدەر،، سلێمانی (٩١٤,٤٤١) دەنگدەر"سەرجەم(٢,١٣٨,٩١٤)دەنگدەر، ئەمەش بە(٢٥,٧٢٨)دەنگدەر زیاترە لە داتای وەگیراو لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق. جریدة المدی، سجل انتخابات کانون الثاني٢٠٠٥ اساس تقسیم المقاعد للمجلس النیابي القادم، جریدة المدی، العدد(٥١١)،١٠ تشرین الاول٢٠٠٥، ص٢.


e-ISSN (2522-7130)   p-ISSN (2410-1036)

| پارێزگا | ژ. دانیشتوان[*] | (٪) بۆ دانیشتوانی هەرێم | ژ. هەڵبژێر[**] | هەڵبژێر/دانیشتوانی پارێزگا | | (٪)هەڵبژێر/هەڵبژێری هەرێم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | (٪) | ڕێژەی جیاوازی لەگەڵ تێکڕا(٪) | |
| کـــۆ | ٣,٥٦٦,٠٠٠ | ١٠٠ | ٢,١١٣,١٨٦ | ٥٩,٢٦ | - | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە سود وەگرتن لە: المفوضية العليا المستقلة للانتخابات في العراق، ملخص لانتخابات برلمان اقليم كردستان٢٠٠٥، غير منشور، بدون رقم الصفحة. بە بەکارهێنانی بەرنامەی(IBM SPSS Statistics v.24).

بە ڕوانین لە خشتە و شێوە و نەخشەی ژمارە(٢)، دەبینین ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای دهۆك(٥٦٢,٠٠٠) کەسە و (١٥,٧٦٪)ی دانیشتوانی هەرێم پێکدەهێنێت، پارێزگای دهۆك (٤٠٤,٣٢٠) هەڵبژێری بەرکەوتوە، واتە (٧١,٩٤٪) دانیشتوانی پارێزگاکە ئەمەش بە ڕێژەی(١٢,٦٨٪) زیاترە لە تێکڕای بەرکەوتەی هەڵبژێر/دانیشتوانی هەرێم، ئەگەر ئەم ڕێژەیە بکەین بە داتا(٥١,٢٦٧) هەڵبژێر زیاتر لە بەرکەوتەی هەڵبژێر/دانیشتوانی هەرێم بەر ئەم پارێزگایە کەوتوە، ئەمەش هەڵەیەکی زۆر زەقە چونکە بە پێی داتای دەستەی ئاماری هەرێم ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە تەمەنی ١٨ساڵ زیاترن بۆ ساڵی ٢٠٠٥ (٤٨,٢٪)[***]ی دانیشتوانی پارێزگاکە پێکدەهێنێت، ئەگەر ئەم

**شێوەی ژمارە(٢)**

**(٪)دانیشتوان و هەڵبژێر/دانیشتوانی هەرێم و (٪)هەڵبژێر/هەڵبژێری هەرێم لە هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لە(٢٠٠٥/١/٣٠)دا**




**سەرچاوە: کاری توێژەر بە سود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە(٢)**

(***)- بەکرداری بیرکاری ژمارە و ڕێژەی هەڵبژێری ئەم پارێزگایە دەستنیشانکراوە، بە پێی داتای دەستەی ئاماری هەرێم، ژمارەی دانیشتوانی ئەم پارێزگایە (١,٠٤٤,٧٥٧)کەسە بۆ ساڵی ٢٠٠٥، ئەمەش بە(٤٨٢,٧٥٧)کەس زیاترە لە داتای فەرمی بلاّوکراوەی وەزارەتی پلاندانانی عێراقی، بە پێی داتاکانی دەستەی ئاماری هەرێم گروپەکانی تەمەن(٠-٤)((٥-٩)(١٠-١٤)(١٥-١٩)یەك لە دوای یەك بریتین لە(١٥٦,٨٨٥)(١٦٢,١٧٥)(١٢٦,٨٢٩)(١٢٧,٠٦٨)، بۆ گەیشتن بە تەمەنی(١٥-١٨)ساڵ، داتای کۆتایی دابەشی چوارساڵی تەمەن کراوە و پاشان سێ بەشی هەژمارکراوە و دەکاتە(٩٥,٣٠١)کەس، سەرجەم ئەو کەسانی کەتەمەنیان لەخوار(١٨)ساڵەوەیە(٥٤١,١٩٠)کەسن واتە ڕێژە(٥١,٨٪)ی دانیشتوانی پارێزگاکە پێکدەهێنن، ئەو کەسانەشی لەسەرو تەمەنی ١٨ساڵ و زیاترن(٥٠٣,٥٦٧)کەسن، ئەمەش دەکاتە(٤٨.٢٪)ی کۆی دانیشتوانی پارێزگاکە، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر داتاکانی دەستەی ئاماری هەرێم بە پێی گروپی تەمەن، بڕوانە: دەستەی ئاماری هەرێم، مەزەندەی دانیشتوان هەرێمی کوردستان-٢٠٠٥، داتای بلاّونەکراوە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ڕێژەیە بکەین بە بنەما دەبوو ژمارەی هەڵبژێری پارێزگای دهۆك (١٩٤,٨٨٢) هەڵبژێر بوایە نەك(٤٠٤,٣٢٠)، تەنها یەك هۆکاریش هەیە بۆ زیاد بوونی ژمارەی هەڵبژێر لەم پارێزگایە، ئەویش بۆ زیادکردنی دەنگی پارتی باڵادەست بێت لەو پارێزگایە.نەك هەر بۆ ساڵی ٢٠٠٥، تەنانەت بۆ ساڵی ٢٠٠٧-یش ژمارەی ئەو کەسانەی لەسەرو تەمەنی ١٨ساڵ بوون (٤٨,١٩٪)(*)کۆی دانیشتوانی پارێزگاکەیان پێکهێناوە.

(*)- ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە نێوان(٠-٤)ساڵ بوە(١٤٦,١٢٧)کەس بوە، ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە نێوان(٥-٩)ساڵ بوە (١٥١,٠٥٦)کەس بووە، ئەو کەسانەشی کە تەمەنیان لە نێوان(١٠-١٤)ساڵ بوە(١١٨,١٣٣)کەس بوە، ئەو کەسانەی کەتەمەنیان لە نێوان(١٥-١٩)ساڵ بوە(١١٨,٣٥٥)کەسە بوە، بە هەمان کردەی بیرکاری پێشوو ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە نێوان(١٥-١٨)ساڵ بوە(٨٨,٧٦٦)کەس بووە، واتە سەرجەم دەکاتە(٥٠٤,٠٨٢)کەس لە کۆی دانیشتوان پارێزگاکە کە(٩٧٣,١١٨)کەس بووە دەکاتە (٥١,٨٪) کۆی دانیشتوانی پارێزگاکە، هەموو ئەوانەی کە تەمەنیان ١٨ساڵ یان زیاترن(٤٨,١٩٪)ی کۆی دانیشتوانی پارێزگاکەیان پێکهێناوە: وەزارەتی پلاندانان، دانیشتوانی پارێزگای دهۆك-٢٠٠٧،

- http://www.mop.gov.krd/detail.aspx?page=statisticsbysubjects&c=sbsPopulation&id=423,20March2009.

ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە ١٨ساڵ کەمترە لە پارێزگای هەولێر بۆ هەمان ساڵ(٧٧٦,٢٢٣)کەسە لە کۆی(٢,٠١٩,٦٨٨)کەس و دەکاتە(٣٨,٤٣٪)، بەڵام ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە١٨ساڵ و بەرەوژورترن(٦١,٥٦٪)تێکرِای دانیشتوانی پارێزگاکە پێکدەهێنن، ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە ١٨ساڵ کەمتر بووە لە هەمان ساڵدا لە پارێزگای سلێمانی(٨١٠,٥٥٩)کەسە لە کۆی(1917936)کەس ئەمەش دەکاتە(٤٢,٢٦٪)ی کۆی دانیشتوانی پارێزگاکە، هەموو ئەو کەسانەشی کە ١٨ساڵ یان زیاترن(٥٦,٧٪)تێکرِای دانیشتوانی پارێزگاکەیان پێکهێناوە.

١- وەزارەتی پلاندانا، دانیشتوانی پارێزگای هەولێر-٢٠٠٧

-http://www.mop-krg.org/detail.aspx?page=statisticsbysubjects&c=sbsPopulation&id=٤٢٠,30March2009.


٢- وەزارتی پلاندانان، دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی-٢٠٠٧،

- http://www.mop.gov.krd/detail.aspx?page=statisticsbysubjects&c=sbsPopulation&id=424,30March2009.


e-ISSN (2522-7130)   p-ISSN (2410-1036)

**نەخشەی ژمارە(٢)**

**ژمارە و(٪)دانیشتوان/دانیشتوانی هەرێم و ژمارە و ڕێژەی هەڵبژێر/ دانیشتوانی پارێزگا و هەرێم لە هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان(٢٠٠٥/١/٣٠)**




**سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە: ١- دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، نەخشەی ڕووبەری پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە کیلۆمەتر،(http://www.krso.net/Default.aspx?page=article&id=817&l=3 )، (٣٠نۆڤەمبەری ٢٠١٦)، ل.١. ٢- داتای خشتەی ژمارە(٢). بە بەکارهێنانی بەرنامەی( Arc GIS 10.2).**

**دانیشتوانی پارێزگای هەولێر(١,٣٤٥,٠٠٠)کەسە، (٧٩٥,٢٢٠)هەڵبژێر بەرکەوتەی ئەم پارێزگایە بووە، ڕێژەی (٥٩,١٢٪)ی کۆی دانیشتوانی پارێزگاکەیان پێکهێناوە، ئەمە نزیکە لە تێکڕای دەنگدەر بۆ دانیشتوانی هەرێم و تەنها بە ڕێژەی(-٠,١٤)کەمترە، بەڵام ئەگەر بەراوردی بکەین بە داتاکانی دەستەی ئاماری هەرێم بۆ دانیشتوانی ساڵی ٢٠٠٥، ئەو کەسانەی کە لەتەمەنی هەڵبژێردان(٥٣,٨٪)(*)ی کۆی گشتی دانیشتوان پێکدەهێنن نەك(٥٩,١٢٪)،**

(*)- بە پێی داتاکانی دەستەی ئاماری هەرێم ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای هەولێری بۆ ساڵی٢٠٠٥ بە(١,٥٢١,٣٢٠)کەس مەزەندەکراوە ئەمەش بە(١٧٦,٣٢٠)کەس زیاترە لە داتای وەزارەتی پلاندانانی عێراقی، هەروەها بە پێی گروپەکانی تەمەنیش یەك لە دوای یەك(٠-٤)(٥-٩)(١٠-١٤)(١٥-١٩)بریتییە لە(١٩٥,٩٨٧) (٢٠٦,١٧٨) (١٦٤,٦٦٣) (١٨١,١٧٩)، بەڵام گروپی تەمەنی نێوان(١٥-١٨)بە هەژمارێکی بیکاری دەکاتە نزیکەی (١٣٥,٨٨٤)، بەمەش ژمارەی دانیشتوانی خوار تەمەن(١٨)ساڵ دەکاتە(٧٠٢,٧١٢)کەس واتە(٤٦,٢٪)ی کۆی دانیشتوان، هەرچی دانیشتوانی سەروو تەمەن(١٨) ساڵە (٨١٨,٦٠٨)کەس واتە(٥٣,٨٪)ی کۆی دانیشتوان، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر گروپی تەمەنی پارێزگاکە بڕوانە: دەستەی ئاماری هەرێم، مەزەندەی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان-٢٠٠٥، ڕاپۆرتی بڵاونەکراوە.بە بێ ژمارەی ل.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەلام ئەگەر    بەراوردی بکەین بە ڕێژەی تەمەنی دەنگدەر لە ساڵی ٢٠٠٧وەزارەتی پلاندانانی هەرێم بۆمان دەرئەکەوێت ڕێژەی دەنگدەر لەم پارێزگایەدا(٦١,٥٦٪)ئەمەش بەواتای ئەوە دێت بە ڕێژەی(٢,٤٤٪)زیاترە لە ڕێژەی هەڵبژێری داتاکانی (الجهاز المركزي للاحصاء و تكنلوجيا المعلومات)بۆ ساڵی٢٠٠٥ و بە ڕێژەی(٧,٧٦٪)زیاترە لە ڕێژەی هەڵبژێری دەستەی ئاماری هەرێم بۆ ساڵی ٢٠٠٥.

ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی (١,٦٥٩,٠٠٠)کەسە،(٤٦,٢٪) دانیشتوانی هەرێمی پێکهێناوە، لەم ژمارەیە (٩١٣,٦٤٦) هەڵبژێربووە، (٥٥٪)کۆی دانیشتوانی پارێزگاکەی پێکهێناوە، بەلام لەسەر ئاستی هەرێم بە ڕێژەی(-٤,٢٦) کەمتری بەردەکەوێت. بەلام بە پێی داتای دەستەی ئاماری هەرێم بۆ ساڵی ٢٠٠٥ ئەو کەسانی لە تەمەنی هەڵبژێریدان(٥٧,٧٣٪)(**)ی کۆی دانیشتوان پێکدەهێنن. هەروەها بە پێی دەستەی ئاماری هەرێم بۆ ساڵی٢٠٠٧ وەزارەتی پلاندانانی هەرێم(٥٦,٧٪)(١١)ی تێکرای دانیشتوانە، ئەمەش زیاترە بە ڕێژەی(١,٧٪)ی دەنگدەری پارێزگاکە، ئەمەش دەکاتە(١٥,٥٣١)دەنگدەر.

پارێزگای دهۆك بە ڕێژەی(١٩,١٣٪) هەڵبژێری هەرێم پێکدەهێنێت، ئەمەش بە ڕێژەی(٣,٣٧٪)زیاترە لە ڕێژەی دانیشتوانی ئەم پارێزگایە بۆ دانیشتوانی هەرێم لە ساڵی ٢٠٠٥ دا، پارێزگای هەولێر(٣٧,٦٣٪)هەڵبژێری هەرێمی پێکهێناوە، ئەمەش زۆر نزیکە لە ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگاکە بۆ دانیشتوانی هەرێم، پارێزگای سلێمانیڕێژەی (٤٣,٢٤٪) هەڵبژێری هەرێمی پێکهێناوە، بەڕێژەی(-٣,٢٨٪)کەمترە لە ڕێژەی دانیشتوانی ئەم پارێزگایە بۆ دانیشتوانی هەرێم. ئەمەش بە واتای ئەوە دێت لەم پارێزگایەدا تەمەن خوار (١٨)ساڵی زیاترە وەك لە ئەو تەمەنە و سەرووتر، بێگومان ئەمەش بەهۆی کەم هەژمارکردنی دانیشتوانی ئەم پارێزگایەوە بوە، ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر کەمبوونی ژمارەی هەڵبژێر بەرامبەر بە پارێزگاکانی تری هەرێم، کە دانیشتوانیان زیادکراوە و لە بەرامبەریشدا هەڵبژێریش زیادی کردووە.

ئەگەر تێکڕای هەڵبژێر/دانیشتوانی هەرێم بکەین بە پێوەر، دەبوو هەڵبژێری پارێزگای دهۆك (٣٣٣.٠٤٢) هەڵبژێر بوایە نەك(٤٠٤,٣٢٠) هەڵبژێر.هەڵبژێری پارێزگای هەولێر(٧٩٧,٠٤٧) هەڵبژێر بوایە نەك(٧٩٥,٢٢٠)، هەڵبژێری پارێزگای سلێمانی(٩٨٣,١٢٤) هەڵبژێر بوایە نەك(٩١٣,٦٤٦) هەڵبژێر.

**باسی چوارەم: دابەشبوونی جوگرافیای هەڵبژێران لە هەڵبژاردنی ٢٥ تەموزی ٢٠٠٩دا.**

پاش تێپەڕینی چوار ساڵ و نزیکەی حەوت مانگ(*)، خولێکی دی هەڵبژاردنی پەرلەمانی(**) لە سنوری قەڵەم ڕەوی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی

(**)- بە پێی داتاکانی دەستەی ئاماری هەرێم ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی بۆ ساڵی٢٠٠٥ بە(١,٥٩٨,٨٤٤)کەس مەزەندەکراوە ئەمەش بە(٦٠,١٥٦)کەس کەمترە لە داتای وەزارەتی پلاندانانی عێراقی، بە پێی گروپەکانی تەمەن یەك لە دوای یەك(٠-٤)(٥-٩)(١٠-١٤)(١٥-١٩)بریتییە لە(١٦٩,٩٥٨) (١٩٥,٤٤٠) (١٦٨,٧٤١) (١٨٨,٧٥٠)بەلام گروپی تەمەنی نێوان(١٥-١٨)بە هەژمارێکی بیکاری دەکاتە نزیکەی(١٤١,٦٥٢)، ئەمەش ژمارەی دانیشتوانی خوار تەمەن(١٨)ساڵ دەکاتە(٦٧٥,٧٩١)کەس واتە(٤٢,٢٧٪)ی کۆی دانیشتوان، هەرچی دانیشتوانی سەروو تەمەن(١٨) ساڵە (٩٢٣,٠٥٣)کەس واتە(٥٧,٧٣٪)ی کۆی دانیشتوان، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر گروپی تەمەنی پارێزگاکە بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو، بە بێ ژمارەی ل.

(١١)- وەزارتی پلاندانان، دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی-٢٠٠٧، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(*)- خولی دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانی لە٢٠٠٩/٦/٤ کۆتایی پێدەهات، بۆیە لە کۆبونەوەی ٢٠٠٩/٥/١٣ بە بڕیاری ژمارە(٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ بڕیاری درێژکردنەوەی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان درا وەك لە مادەی یەکەمدا هاتوە" خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان- عێراق لە ٢٠٠٩/٦/٤ کۆتایی پێدێت بەردەوام دەبێت و پەرلەمان تاکو هەڵبژاردنی پەرلەمانێکی نوێ و ئەنجامدانی کۆبونەوەی یەکەمی": ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی- عێراق، بڕیاری ژمارە(٦) ساڵی ٢٠٠٩ گۆڤاری وەقائیعی کوردستان ژمارە ١٠٠ لە ٢٠٠٩/٦/١،ل٢٩.


e-ISSN (2522-7130)   p-ISSN (2410-1036)

**عێراقەوە[***]لە ڕێکەوتی ٢٥ی تەمووزی ٢٠٠٩ ئەنجام درا، لەم هەڵبژاردنەدا هەموو ئەو کەسانەی مەرجەکانی دەنگدانیان تێدا بوو و لە دایك بووی(٣١ کانونی یەکەمی ١٩٩١)[١٢] و ڕێکەوتی پێشتر بوون مافی دەنگدانیان هەبوو، بڕوانە خشتە و شێوە و نەخشەی ژمارە(٣).**

**خشتەی ژمارە(٣)**

**ژمارە و ڕێژەی دەنگدەر بۆ کۆی دا ژمارە و ڕێژەی دانیشتوان و ژمارە و ڕێژەی هەڵبژێر/ دانیشتوانی هەر پارێزگایەك و هەرێم لەهەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەماندا(٢٠٠٩/٧/٢٥).**

| پارێزگا | ژ. دانیشتوان* | (٪) بۆ دانیشتوانی هەرێم | ژ. هەڵبژێر | | | هەڵبژێر/دانیشتوانی پارێزگا | | (٪) هەڵبژێر/هەڵبژێری هەرێم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | گشتی | تایبەت | سەرجەم | (٪) | ڕێژەی جیاوازی لەگەڵ تێکرا(٪) | |
| دهۆك | ٩٦١،٨٨٠ | ٢٣,٨٩ | ٥٠٠,٣١٢ | ٢٠,٩٩٤ | ٥٢١,٣٠٦ | ٥٤.٢ | - ٧,٥٣ | ٢٠,٩٨ |
| هەولێر | ١،٤٢٨،٦٧٧ | ٣٥,٤٩ | ٨٤٧,٣٣٣ | ٤٩,٣٥٠ | ٨٩٦,٦٨٣ | ٦٢,٧٦ | ١,٠٣ | ٣٦,٠٨ |

---

(**)- بە پێی بڕگەی یەکەمی مادەی یەکەمی یاسای ژمارە(٢)ی ساڵی٢٠٠٩ یاسای هەموارکردنی چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان-عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو" پەرلەمانی کوردستان-عێراق) شوێنی(ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عێراق)دەگرێتەوە. ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عێراق، یاسای ژمارە(٢)ی ساڵی٢٠٠٩ یاسای هەموارکردنی چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عێراق ژمارە(١)ی ساڵی١٩٩٢ی هەموارکراو،

18. - http://www.kurdistan-parliament.org/Default.aspx?page=byyear&c=LDD-Yasa&id=2009,16February20

(***)- بە پێی بڕگەی یەکەم لە مادەی حەفتەمی یاسای ژمارە(٢)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای هەموارکردنی چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان-عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو"کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردنەکانی عێراق شوێنی(دەستەیی باڵای بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان- عێراق) دەگرێتەوە، بۆ زانیاری زیاتر تکایە بڕوانە: ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عێراق، یاسای ژمارە(٢)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای هەموارکردنی چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(١٢)- المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، اجراء تحديث سجل الناخبين لاقليم كردستان٢٠٠٩،

-http://www.ihec-iraq.com/ar/index.php/proseduer2009.html,17February2018,p.28.

(*)- وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەوانی،

- http://www.mop.gov.krd/index.jsp?sid=1&id=271&pid=271,17July 2017,p.3.

ئەم ژمارەیە کەمترە لە ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکانی هەرێم کە وەزارەتی پلاندانانی هەرێم لە ئەنجامی ژمارەدانان و گەمارۆسازی ساڵی ٢٠٠٩ بەدەستی هێناوە لەسەر دانیشتوانی پارێزگاکان بە جۆرێك پارێزگاکانی هەولێر(١,٧١٧,٢٨٤)کەسە، سلێمانی(١,٨٠٣,٧٩٢)کەسە، دهۆك(١,١٧٧,٧١٤)کەسە، سەرجەم(٤,٦٩٨,٧٩٠)کەسە، دیارە لەم داتایەدا هەمو ئەو هاوڵاتیانە هەژمارکراون چ کۆبونی خۆراکیان سەر بە هەرێمی کوردستانە و چ کۆبونی خۆراکیان سەر بە پارێزگاکانی تری عێراقە. وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەوانی، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

ئەم داتایانەش جیاوازە لە داتاکانی وەزارەتی پلاندانانی عێراقی بۆ ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکانی هەرێم بەم جۆرە: پارێزگای دهۆك(١,٠٧٢,٣٢٤)کەسە، پارێزگای هەولێر(١,٥٣٢,٠٨١)کەسە، پارێزگای سلێمانی(١,٧٨٤,٨٥٣)کەسە، سەرجەم (٤,٣٨٩,٢٥٨)کەسە، داتاکانی دانیشتوانی هەرێم بە پێی کۆبونی خۆراك(-٦٧٣,٠٤٠)کەس کەمترە لە داتاکانی ژمارەدانان و گەمارۆسای وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێم، خۆ ئەگەر بەراوردی بکەین بە داتاکانی وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی عێراقی فیدراڵ ئەوا(-٣٦٣,٥٠٨)کەسی کەمترە: جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية٢٠١٠- ٢٠١١، بدون مكان الطبع، بدون سنة الطبع، ص٤٤.

هەروەها ئەم داتایانەش جیاوازە لە داتاکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، کۆی گشتی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی بە(٤,٣٨٢,٢٩١)کەس داناوە، ئەمەش کەمترە بە بڕی(-٦,٩٦٧)لەو ئامارانەی کە وەزارەتی پلاندانانی عێراق بلاویکردۆتەوە، جريدة المدى، القوائم المشاركة في انتخابات اقليم كردستان مع مرشحي الرئاسة، جريدة المدى، العدد(١٥٦٤)، ٢٥تموز٢٠٠٩، ص٥.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

| پارێزگا | ژ. دانیشتوان* | (٪) بۆ دانیشتوانی هەرێم | ژ. هەڵبژێر | | | هەڵبژێر/دانیشتوانی پارێزگا | | (٪) هەڵبژێر/هەڵبژێری هەرێم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | گشتی | تایبەت | سەرجەم | (٪) | ڕێژەی جیاوازی لەگەڵ تێکڕا(٪) | |
| سلێمانی | ١،٦٣٥،١٩٣ | ٤٠,٦٢ | ١,٠٢٠,٥٤٤ | ٤٦,٧١٥** | ١,٠٦٧,٢٥٩ | ٦٥,٢٦ | ٣,٥٣ | ٤٢,٩٤ |
| کـــۆ | ٤،٠٢٥،٧٥٠ | ١٠٠ | ٢,٣٦٨,١٨٩ | ١١٧,٠٥٩ *** | ٢,٤٨٥,٢٤٨ | ٦١,٧٣ | - | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە سودوەگرتن لە: أ- وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەوانی،
- http://www.mop.gov.krd/index.jsp?sid=1&id=271&pid=271,17July 2017,p.3.

ب- المفوضیة العلیا المستقلة للانتخابات، ملخص لانتخابات برلمان اقلیم کوردستان٢٠٠٩، غیر منشور، بدون رقم الصفحة.

بەکارهێنانی بەرنامەی(IBM SPSS Statistics v.24).

**شێوەی ژمارە(٣)**

**(٪)دانیشتوان و هەڵبژێر/دانیشتوانی هەرێم و (٪)هەڵبژێر/هەڵبژێری هەرێم لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان لە(٢٠٠٩/٧/٢٥)دا**




سەرچاوە: کاری توێژەر بە سود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە(٣)

بە ڕوانین لە خشتە و شێوە و نەخشەی ژمارە(٣) دەبینین، ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای دهۆك (٩٦١,٨٨٠) کەسە و (٢٣,٨٩٪) کۆی دانیشتوانی پارێزگاکانی هەرێم پێکدەهێنێت،(٥٢١,٣٠٦) هەڵبژێر لەم پارێزگایەدان

(**)- بە پێی داتا بلاّوکراوەکانی میدیا بێت ژمارەی دەنگدەری پارێزگای سلێمانیان بە(٤٧,١٦٤)دەنگدەرخستۆتە ڕوو، ئەمەش(٤٤٩)زیاترە لەو داتا فەرمییانەی کە توێژە بەدەستی خستوە لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر دەنگدەری تایبەتی پارێزگای سلێمانی تکایە بروانە: شەهات ئەحمەد،(١١٩,٤٠٢)کەس مافی دەنگدانی تایبەتیان هەیە، ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە(١٠٣١)، ٢٠٠٩/٧/٢٢،ل٣.

(***)- دەنگدەرانی پارێزگاکانی تری عێراق(١١,٩٢٣)دەنگدەربوون، ئەم دەنگدەرانەش هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بەکاری فەرمی وەك سەربازی و هێزی ئەمنی و پاسەوان...تاد. لە بەغداد و موسڵ و ئەنبار. کوردستانی نوێ، تێکڕا ٨٥-٨٦٪ پێشمەرگە و پۆلیس دەنگیاندا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٤٩٣٢)، ٢٠٠٩/٧/٢٤،ل٣.


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)


و(٥٤,٢٪) کۆی دانیشتوانی پارێزگاکە پێکدەهێنن، ڕێژەی(-٧,٥٣٪) هەڵبژێری کەمتر بەرکەتوە ئەگەر بەراورد بکرێت بە تێکڕا هەڵبژێر/دانیشتوانی هەرێم. ئەم پارێزگایە بە ڕێژەی(٢٠.٩٨٪) هەڵبژێری هەرێم پێکدەهێنێت، ئەمەش کەمترە بە ڕێژەی (٢.٩١٪) کۆی دانیشتوانی ئەم پارێزگایە بۆ تێکڕای دانیشتوانی هەرێم.

دانیشتوانی پارێزگای هەولێر(١,٤٢٨,٦٧٧) کەسە،(٣٥,٤٩٪) کۆی دانیشتوانی هەرێمی پێکدەهێنێت (٨٩٦,٦٨٣) هەڵبژێر لە پارێزگاکەدا هەیە و(٦٢,٧٦٪) کۆی دانیشتوانی پارێزگاکە پێکدەهێنن، ڕێژەی(١,٠٣٪)ی زیاترە لە تێکڕای بەرکەوتەی هەڵبژێر/دانیشتوانی پارێزگاکانی هەرێم، هەڵبژێری ئەم پارێزگایە(٣٦,٠٨٪)ی کۆی هەڵبژێری هەرێمی پێکهێناوە، ئەمەش بەڕێژەی(٠.٥٩٪) زیاترە لە تێکڕای دانیشتوانی ئەم پارێزگایە بۆ دانیشتوانی هەرێم.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**نەخشەی ژمارە(٣)**

**ژمارە و(٪)دانیشتوان/دانیشتوانی هەرێم و ژمارە و ڕێژەی هەڵبژێر/ دانیشتوانی پارێزگا و هەرێم لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان لە(٢٠٠٩/٧/٢٥)دا**




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە: ١- دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، نەخشەی ڕووبەری پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە کیلۆمەتر،( http://www.krso.net/Default.aspx?page=article&id=817&l=3 )، (٣٠نۆڤەمبەری ٢٠١٦)، ل.١. ٢- داتای خشتەی ژمارە(٣). بە بەکارهێنانی بەرنامەی( Arc GIS 10.2).

**دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی(١,٦٣٥,١٩٣)کەسە، (١,٠٦٧,٢٥٩)هەڵبژێرن و(٦٥,٢٦٪) کۆی گشتی دانیشتوانی پارێزگاکەیان پێکهێناوە، ئەمەش بە ڕێژەی(٣,٥٣٪)زیاترە لە تێکرای هەڵبژێر بۆ دانیشتوانی هەرێم، (٤٢.٩٤٪)کۆی هەڵبژێری هەرێمی پێکهێناوە ئەمەش زیاترە بە ڕێژەی(٢.٣٢٪)ی کۆی دانیشتوانی ئەم پارێزگایە**


e-ISSN (2522-7130)   p-ISSN (2410-1036)

بۆ دانیشتوانی هەرێم. بەگشتی ژمارەی دەنگدەرانی پارێزگاکانی هەرێم بەرزە، ئەمەش جێگەی گومانە چونکە بە پێی داتای بڵاوکراوەی حکومەتی هەرێم ئەوانەی تەمەنیان لە ١٨ساڵ زیاترە(٥٦,٤٦٪)[*]ی کۆی دانیشتوانی هەرێم پێکدەهێنن بۆ ساڵی ٢٠٠٩،ئەمەش بە واتای ئەوە دێت ڕێژەی ئەو کەسانەی کە مافی دەنگدانیان هەیە لە هەرێم دا(٥,٢٦٪)ی زیاترە لە داتای بڵاوکراوەی هەرێم. ئەگەر لەسەر ئاستی پارێزگاش وەریبگرین دەبینین بەم جۆرەیە: پارێزگای دهۆك (٥٢,٠٥٪)، پارێزگای هەولێر(٥٥,٦٢٪)، پارێزگای سلێمانی(٦٠,١٢٪)[١٣]. واتە گۆڕانکاری لە ڕێژەی دەنگدەری هەژمارکراو بۆ پارێزگاکان بەم جۆرەیە: پارێزگای دهۆك (٣,١٨٪)، پارێزگای هەولێر(٧,١٤٪)، پارێزگای سلێمانی(٥,١٤٪).

ئەگەر پێوەری هەڵبژێر/دانیشتوانی هەرێم بکەین بە بنەما دەبێت ژمارەی هەڵبژێری پارێزگای دهۆك (٥٩٣,٧٦٩) هەڵبژێربێت نەك(٥٢١,٣٠٦) هەڵبژێر، ژمارەی هەڵبژێری پارێزگای هەولێر(٨٨١,٩٢٣) هەڵبژێر بێت نەك (٨٩٦,٦٨٣) هەڵبژێر، ژمارەی پارێزگای سلێمانی(١.٠٠٩,٤٠٥) هەڵبژێر بێت نەك(١,٠٦٧.٢٥٩) هەڵبژێر.

**باسی پێنجەم: دابەشبوونی جوگرافیای هەڵبژێران لە هەڵبژاردنی ٢١ی ئەیلولی ٢٠١٣دا.**

پاش تێپەڕینی نزیکەی چوار ساڵ و دوو مانگ[**]بەسەرهەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەماندا،هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمان لە چوارچێوەی دەسەڵاتی فەرمی و دانپێدانراوی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢١ئەیلولی٢٠١٣ لە لایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق[*]ئەنجامدرا،

---

([*])- بە پێی داتا بڵاوکراوەکانی حکومەتی هەرێم بێت بۆ ساڵی٢٠٠٩ گروپی تەمەن لە هەرێم دا بەم جۆرەیە: گروپی تەمەن(٠-٤)ساڵ(٤٨٩,٤٨١)کەس، گروپی تەمەن(٥-٩)ساڵ(٥٥٦,٢٨٥)کەس، گروپی تەمەن(١٠-١٤)ساڵ(٥٢٢,٠٢٥)کەس، گروپی تەمەن(١٥-١٩)ساڵ(٤٨٢,٤٦٢)ساڵ، بە کرداری بیرکاری گروپی تەمەن(١٥-١٩)ساڵ (٣٦١,٨٤٦)کەسە، بەمەش سەرجەم دەکاتە(٢,٠٢٩,٦٣٧)کەس، هەموو ئەو کەسانەی کەتەمەنیان کەمترە لە ١٨ساڵ دەکاتە(٤٣,٥٣٪)کۆی دانیشتوانی هەرێم:حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، ڕاپۆرتی پێشبینی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی(٢٠٠٩-٢٠٢٠)، ڕاپۆرتی بڵاوکراوە، ٢٠١٤، ل٤.

([١٣])- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٢-١٤.

([**])- وەك لە مادەی یەکەمی یاسای ژمارە(١٨)ی ساڵی ٢٠١٣ یاسای درێژکردنەوەی خولی هەڵبژاردنی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان-عێراق دا هاتوە"خولی هەڵبژاردنی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان- عێراق کە لە(٢٠١٣/٨/٢٠)دا تەواو دەبێت بەردەوام دەبێت، و پەرلەمان تا(٢٠١٣/١١/١)لەسەر کاری خۆی دەمێنێت، و هەڵبژاردن لە(٢٠١٣/٩/٢١)ئەنجام دەدرێت":پەرلەمانی کوردستان- عێراق، یاسای ژمارە(١٨)ی ساڵی ٢٠١٣ یاسای درێژکردنەوەی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان- عێراق،

-http://www.kurdistan-parliament.org/Default.aspx?page=byyear&c=LDD-Yasa&id=2013,17,February2018,p.1.

شایانی باسە ئەمە شەشەم درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان بووە، ئەمە جگە لەوەی کارێکی زۆر نایاسیی و نادیموکراسی و زەوتکردنی مافی دەنگدەران و هاوڵاتیانە، تەواو پێچەوانەشە لەگەڵ مادەی(٨)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان- عێراق کە تیایدا هاتوە"ماوەی پەرلەمان چوار ساڵە لەیەکەم دانیشتنی دەست پێدەکات و بە کۆتایی هاتنی دواین دانیشتنی لە ساڵی چوارەمدا کۆتایی دێت": عەونی بەزاز، پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان- عێراق و هەموارکردنەکانی،

- http://www.kurdistan-parliament.org/Default.aspx?page=page&c=paerawenawxo,17February2018,p.8.

([*])- بە پێی بڕگەی یەکەمی مادەی شەشەم(دووبارە)ی یاسای ژمارە(١٥)ی ساڵی ٢٠١٣ یاسای هەمواری حەوتەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان- عێراقی ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو"کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی دەچێتە جێگەی دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان- عێراق کە لەم یاسایەدا هاتووە بۆ سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و بەڕێوەبردنی...": پەرلەمانی کوردستان- عێراق، یاسای ژمارە(١٥)ی ساڵی ٢٠١٣ یاسای هەمواری حەوتەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان- عێراقی ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو،

- http://www.kurdistan-parliament.org/Default.aspx?page=byyear&c=LDD-Yasa&id=2013,17February2018,p.1.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)
هەواڵنامەی کتێب

لەم هەڵبژاردنەدا هەموو ئەو کەسانەی کە مەرجەکانی دەنگدانیان(**)تێدا بەرجەستە ببوو، مافی دەنگدانیان هەبوو، بڕوانە خشتە و شێوە و نەخشەی ژمارە (٤).

وەك لە خشتە و شێوە و نەخشەی ژمارە(٤) دەبینین، ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای دهۆك (١,١٥٨,٦٣٣) کەسە، (٢٤,٤٪)ی کۆی دانیشتوانی پارێزگاکانی هەرێمی پێکهێناوە،(٦١٢,٩٢٢) هەڵبژێر لەم پارێزگایەدا بوونی هەیە، واتە(٥٢,٩٪)ی کۆی دانیشتوانی ئەم پارێزگایە، بەڕێژەی(-٦,٣٧٪) کەمتر هەڵبژێری لە تێکڕای هەڵبژێر/دانیشتوانی هەرێم بەرکەتوە، لەسەر ئاستی هەرێمیش(٢١,٧٨٪)هەڵبژێر لەم پارێزگایەدابووە و ڕێژەی(-٢,٦٢٪) کەمتر هەڵبژێر بەر ئەم پارێزگایە کەوتوە ئەگەربەراوردی بکەین بە ڕێژەی دانیشتوانی ئەم پارێزگایە بۆ دانیشتوانی هەرێم.

دانیشتوانی پارێزگای هەولێر(١,٦٥٧,٦٨٤)کەسە و (٣٤,٩٢٪)ی کۆی دانیشتوانی پارێزگاکانی هەرێم پێکدەهێنێت ،(١,٠٠٣,٩٦٠) هەڵبژێری لەم پارێزگایەدایە و(٦٠,٥٦٪)ی کۆی دانیشتوانی پارێزگاکە پێکدەهێنێت، بە ڕێژەی(١,٢٩٪) هەڵبژێر زیاتر لەم پارێزگایەدایە ئەگەر بەراوردی بکەین بە تێکڕای بەرکەوتەی هەڵبژێری/دانیشتوانی هەرێم،

**خشتەی ژمارە(٤)**

**ژمارە و ڕێژەی دانیشتوان و ژمارە و ڕێژەی هەڵبژێر/دانیشتوانی هەر پارێزگایەك و هەرێم لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەماندا(٢٠١٣/٩/٢١).**

| پارێزگا | ژ. دانیشتوان | (٪) بۆ دانیشتوانی هەرێم | ژ. هەڵبژێر | هەڵبژێر/دانیشتوانی پارێزگا | | (٪)هەڵبژێر/هەڵبژێری هەرێم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | (٪) | ڕێژەی جیاوازی لەگەڵ تێکڕا(٪) | |
| دهۆك | ١,١٥٨,٦٣٣ | ٢٤,٤ | ٦١٢,٩٢٢ | ٥٢,٩ | ٦,٣٧- | ٢١,٧٨ |

(**)- ئاماژە بە لە دایك بووی هیچ ڕێکەوتێك نەکراوە بۆ دەنگدان، بەڵام وەك لە مادەی دوودا کە تایبەتە بە شیاوی دەنگدەردا هاتوە،" پێویستە مەرجە یاساییەکانی تێدا بەرجەستەبێت تا بتوانێت بەشداری پرۆسە هەڵبژاردن بکات، ئەوانیش بریتین لە: ١- ڕەگەزنامەی عێراقی هەبێت و دانیشتوی هەرێم بێت.٢- ژیر بێت. ٣-(١٨) ساڵی تەواو کردبێت. ٤- تۆمارکرابێت لە تۆماری دەنگدەرانی تایبەت بە هەرێم دا."بەم پێیە بێت دەبێت دەنگدەر لە دایك بووی ١٩٩٥/٩/١٩ و پێشتر بووبێت:المفوضیة العلیا المستقلة للانتخابات، نظام تحدیث سجل الناخبین والعرض والطعون لانتخابات رئاسة و برلمان اقلیم کوردستان-العراق رقم(١)لسنة٢٠١٣،

- http://www.ihec.iq/ihecftp/system-kurd2013/sys1.KURD.pdf,20December2013,p.2.

بەڵام وەك لە ڕاپۆرتی وەرزانەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆ هەڵبژاردنەکان کە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران نێردراوە، ئاماژە بەوە کراوە هەموو ئەو کەسانەی کە لە دایك بووی ساڵەکانی ١٩٩٣ و ١٩٩٤ و ١٩٩٥ بوون مافی دەنگدانیان هەبوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەموو ئەو کەسانەشی کە لە دایك بووی-٩/٢٠ ١٩٩٥/١٢/٣١ بوون مافی دەنگدانیان هەبوە، هەموو ئەوانەش ناگەنە تەمەنەی ١٨ ساڵی بۆ هەڵبژاردنی تایبەت و ئەوانەشی لەدایکبوی ٢٢/ ١٩٩٥/٩ بەرەو سەروتر بۆ هەڵبژاردنی گشتی ١٨ساڵیان تەواو نەکردووە. المفوضیة العلیا المستقلة للانتخابات، التقریر الفصلي للمفوضیة العلیا المستقلة للانتخابات للمدة من ٢٠١٣/٨/١-٢٠١٣/١٠/٣١.

http://www.ihec.iq/ar/index.php/bord.html,23july 2017,p.3.-


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ١,٦٥٧,٦٨٤ | ٣٤,٩٢ | ١,٠٠٣,٩٦٠ | ٦٠,٥٦ | ١,٢٩ | ٣٥,٦٧ |
| سلێمانی | ١,٩٣١,٥٦٠ | ٤٠,٦٨ | ١,١٩٧,٥١٧ | ٦٢ | ٢,٧٣ | ٤٢,٥٥ |
| کــــۆ | ٤,٧٤٧,٨٧٧* | 100 | ٢,٨١٤,٣٩٩ | ٥٩,٢٧ | - | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە: المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، ملخص لانتخابات برلمان اقليم کوردستان٢٠١٣، غير منشور، بدون رقم الصفحة. ب- دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕاپۆرتی بلاّونەکراوە، بەبێ ژمارە ل. بە بەکارهێنانی بەرنامەی(IBM SPSS Statistics v.24)

لەسەر ئاستی هەرێمیش(٣٥,٦٧٪)هەڵبژێر لەم پارێزگایە بووە، ئەمەش زیاتر بە ڕێژەی(٠,٧٥٪) دانیشتوانی ئەم پارێزگایە بۆ دانیشتوانی پارێزگاکانی تری هەرێم.


دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی(١,٩٣١,٥٦٠)کەسە،(٤٠,٦٨٪)ی کۆی دانیشتوانی هەرێم پێکدەهێنێت،(١,١٩٧,٥١٧) هەڵبژێرلەم پارێزگایەدا بوونی هەبووە،(٦٢٪)کۆی دانیشتوانی پایزگاکەی پێکهێناوە، ئەمەش بە ڕێژەی (٢,٧٣٪) زیاترە لە ڕێژەی هەڵبژێر/دانیشتوانی هەرێم، (٤٢,٥٥٪)هەڵبژێری هەرێمی پێکهێناوە ئەمەش زیاترە بەڕێژەی (١,٨٧٪)ی ڕێژەی دانیشتوانی ئەم پارێزگایە بۆ تێکڕای دانیشتوانی پارێزگاکانی هەرێم.

هەواڵنامەی کتێب

(*)- بە پێی داتاکانی وەزارەتی پلاندانانی عێراق، ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای هەرێم بەم جۆرە بوون: پارێزگای دهۆك(١,١٨٩,١٥٨) پارێزگای هەولێر(١,٧٠٣,٢٤٣) پارێزگای سلێمانی(١,٩٨٥,٠٠٧) سەرجەم(٤,٨٧٧,٤٠٩)کەسە ئەم داتایە هەڵەیە ڕاستییەکەی(٤,٨٧٧,٤٠٨- توێژەر): الجهاز المركزي للاحصاء، اسقاطات السكان حسب المحافظات والبيئة لسنة٢٠١٣،
- http://cosit.gov.iq/AAS2016/population/population(11).htm,19Dcember2017.

نەخشەی ژمارە(٤)

**ژمارە و(٪)دانیشتوان/دانیشتوانی هەرێم و ژمارە و رێژەی هەڵبژێر/ دانیشتوانی پارێزگا و هەرێم لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمان لە(٢٠١٣/٩/٢١)دا**





سەرچاوە: كاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە: ١- دەستەی ئاماری هەرێمی كوردستان، نەخشەی رووبەری پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان بە كیلۆمەتر،(http://www.krso.net/Default.aspx?page=article&id=817&l=3 )، (٣٠نۆڤەمبەری ٢٠١٦)، ل١. ٢- داتای خشتەی ژمارە(٤). بە بەكارهێنانی بەرنامەی( Arc GIS 10.2).

شێوەی ژمارە(٤)

**(٪)دانیشتوان و هەڵبژێر/دانیشتوانی هەرێم و (٪)هەڵبژێر/هەڵبژێری هەرێم لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی كوردستان لە(٢٠١٣/٩/٢١)دا**


e-ISSN (2522-7130)   p-ISSN (2410-1036)




سەرچاوە: کاری توێژەر بە سود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە(٤)

**باسی شەشەم: دابەشبوونی جوگرافیای هەڵبژێران لە هەڵبژاردنی خولەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی (پەرلەمانی) کوردستان (١٩٩٢-٢٠١٣).**

لەم تەوەرەدا گۆڕانکارییە دیمۆگرافیەکانی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان و ڕێژە و ڕادەی گۆڕانی هەڵبژێران لە ماوەی هەڵبژاردنی هەر چوار خولەکەی پەرلەماندا دەخەینە ڕوو، تکایە بڕوانە خشتەی ژمارە(٥).

بە سەرنجدان لە خشتەی ژمارە(٥)دەبینین ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای دهۆکلە ساڵ(خولی هەڵبژاردن)ی ١٩٩٢دا (٣١٣,٥٠٠)کەس بوە، بەڵام لەساڵی ٢٠٠٥دا بووە بە(٥٦٢,٠٠٠)کەس، دانیشتوانی ئەم پارێزگایە لەماوەی(١٣)ساڵدا (٢٤٨,٥٠٠)کەس زیادی کردوە، واتە گەشەی ساڵانە(٤,٥٩٪)، زیادبوونی دانیشتوان بەردەوام دەبێت و لە ساڵی(٢٠٠٩)دا دەبێت بە(٩٦١,٨٨٠)کەس، لەماوەی(٤)ساڵدا(٣٩٩,٨٨٠)کەس زیادی کردووە، واتە گەشەی ساڵانەی دانیشتوان (١٤,٣٨٪)؟!، لە ساڵی ٢٠١٣دا دانیشتوانی ئەم پارێزگایە دەبێت بە(١,١٥٨,٦٣٣)کەس، لەماوەی(٤) ساڵدا (١٩٦,٧٥٣) کەس زیادی کردووە، واتە گەشەی ساڵانە(٤,٧٦٪)ە.

دانیشتوانی پارێزگای هەولێرلە ساڵی ١٩٩٢دا(٩٦٣,٧٠٠)کەس بووە، لە ساڵی(٢٠٠٥)دا دانیشتوان زیاد دەبێت و دەبێت بە(١,٣٤٥,٠٠٠)کەس، لەماوەی(١٣)ساڵدا (٣٨١,٣٠٠)کەس زیادیکردووە، گەشەی ساڵانە(٢,٦٪)، لەساڵی(٢٠٠٩)دا ژمارەی دانیشتوان دەبێت بە(١,٤٢٨,٦٧٧)کەس، لەماوەی (٤)ساڵدا (٨٣,٦٧٧)کەس زیادی کراوە، گەشەی ساڵانە(١,٥٢٪) بوە، بەڵام لەساڵی٢٠١٣دا ژمارەی دانیشتوانی ئەم پارێزگایە دەبێت بە(١,٦٥٧,٦٨٤)کەس، لەماوەی(٤)ساڵدا (٢٢٩,٠٠٧) زیادی کردووە، گەشەی ساڵانە(٣,٧٩٪).

ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی لەساڵی(١٩٩٢)دا(١,١٦١,٧٠٠)کەس بوە، لەساڵی(٢٠٠٥)دا دەبێت بە (١,٦٥٩,٠٠٠)کەس، لەماوەی(١٣)ساڵدا(٤٩٧,٣٠٠)کەس زیادی کردووە، گەشەی ساڵانە(٢,٧٨٪)بووە، لەساڵی(٢٠٠٩)دا دانیشتوانی ئەم پارێزگایە دەبێت بە(١,٦٣٥,١٩٣)، لەماوەی (٤)ساڵدا ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی(-٢٣,٨٠٧) کەس کەمی کردووە؟!، گەشەی دانیشتوان(-٠,٣٦٪)بوە، لەساڵی٢٠١٣دا ژمارەی دانیشتوان دەبێت بە(١,٩٣١,٥٦٠)کەس، لەماوەی(٤)ساڵدا (٢٩٦,٣٦٧)کەس زیادی کردووە، گەشەی ساڵانە(٤,٢٥٪)بووە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

خشتەی ژمارە(٥)

**گۆڕانە دیمۆگرافییەکانی هەڵبژاردنی خولەکانی پەرلەمانی کوردستان(١٩٩٢-٢٠١٣)**

| دیمۆگرافیا / پارێزگا | | دهۆک | | | | هەولێر | | | | سلێمانی | | | | هەرێم | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | خولەکانی هەڵبژاردن | | | | خولەکانی هەڵبژاردن | | | | خولەکانی هەڵبژاردن | | | | خولەکانی هەڵبژاردن | | | |
| | | ١٩٩٢ | ٢٠٠٥ | ٢٠٠٩ | ٢٠١٣ | ١٩٩٢ | ٢٠٠٥ | ٢٠٠٩ | ٢٠١٣ | ١٩٩٢ | ٢٠٠٥ | ٢٠٠٩ | ٢٠١٣ | ١٩٩٢ | ٢٠٠٥ | ٢٠٠٩ | ٢٠١٣ |
| ژ.دانیشتوان | ژمارە | ٣١٣,٥٠٠ | ٥٦٣,٠٠٠ | ٩٦٦,٨٨٠ | ١,١٥٨,٦٣٣ | ٩٦٢,٧٠٠ | ١,٢٢٥,٠٠٠ | ١,٤٢١,٦٧٧ | ١,٦٥٧,٦٨٤ | ١,١٦١,٧٠٠ | ١,٦٥٩,٠٠٠ | ١,٦٣٥,١٩٣ | ١,٩٣٦,٥٦٠ | ٢,٤٣٨,٩٠٠ | ٣,٥٦٦,٠٠٠ | ٤,٠٢٥,٧٥٠ | ٤,٧٤٧,٨٧٧ |
| | زیادبوون | - | ٢٤٩,٥٠٠ | ٢٨٨,٨٨٠ | ١٩١,٧٥٣ | - | ٢٦٢,٣٠٠ | ١٩٦,٦٧٧ | ٢٣٦,٠٠٧ | - | ٤٩٧,٣٠٠ | ٢٣,٨٠٧- | ٣٠١,٣٦٧ | - | ١,١٢٧,١٠٠ | ٤٥٩,٧٥٠ | ٧٢٢,١٢٧ |
| | ڕێژەی گەشەی دانیشتوان*(%) | - | ٤,٥٨ | ١٥,٢٨ | ٤,٧٦ | - | ٢,٦ | ١,٥٣ | ٢,٧٨ | - | ٣,٧٨ | ٠,٢٦- | ٤,٣٥ | - | ٢,٨٧ | ٣,٠٨ | ٤,٢١ |
| (%)دانیشتوانی بۆ هەرێم | | ١٢,٨٦ | ١٥,٧٦ | ٢٣,٨٩ | ٢٤,٤ | ٣٩,٥١ | ٣٧,٧٣ | ٣٥,٤٩ | ٣٤,٩٣ | ٤٧,٦٣ | ٤٧,٥٢ | ٤٠,٦٣ | ٤٠,٦٨ | - | - | - | - |
| هەڵبژێر | ژمارە | ١٧٨,٠٠٠ | ٤٠٤,٣٣٠ | ٥٢١,٢٠٦ | ٦١٢,٩٢٢ | ٣٤٠,٠٠٠ | ٧٩٥,٣٢٠ | ٨٩٦,٦٨٣ | ١,٠٠٣,٩٦٠ | ٤٥٠,٠٠٠ | ٩١٣,٦٤٦ | ١,٠٦٧,٢٥٩ | ١,١٩٧,٥١٧ | **١,١١٢,٠٠٠ | ٢,١١٣,١٨٦ | ٢,٤٨٥,٢٤٨ | ٢,٨١٤,٣٩٩ |
| | زیادبوون | - | ٢٢٦,٣٣٠ | ١١٦,٨٧٦ | ٩١,٧١٦ | - | ٤٥٥,٣٢٠ | ١٠١,٣٦٣ | ١٠٧,٢٧٧ | - | ٤٦٣,٦٤٦ | ١٥٣,٦١٣ | ١٣٠,٢٥٨ | - | ١,٠٠١,١٨٦ | ٣٧٢,٠٦٢ | ٣٢٩,١٥١ |
| | (%) | - | ٦,٥١ | ٦,٥٦ | ٤,١٣ | - | ٦,٧٥ | ٢,٠٥ | ٢,٨٧ | - | ٥,٦ | ٢,٨٦ | ٢,٨٣ | - | ٥,٠٦ | ٤,١٤ | ٣,١٦ |
| (%)ڕێژەی هەڵبژێر / دانیشتوانی پارێزگا | | ٥٦,٧٨ | ٧١,٩٤ | ٥٥,٢٣ | ٥٢,٩ | ٣٥,٣٨ | ٥٩,١٣ | ٦٢,٧٦ | ٦٠,٥٦ | ٣٨,٧٤ | ٥٥ | ٦٥,٢٦ | ٦٢ | ٤٥,٦ | ٥٩,٢٦ | ٦١,٧٣ | ٥٩,٢٧ |
| جیاوازی ڕێژە لەگەڵ تێکڕا | | ١١,١٨ | ١٣,٦٨ | ٦,٥- | ٦,٣٧- | ١٠,٣٣- | ٠,١٤- | ١,٠٣ | ١,٢٩ | ٦,٨٦- | ٤,٢٦- | ٢,٥٣ | ٢,٧٣ | - | - | | |
| هەڵبژێر / هەڵبژێری هەرێم | (%) | ١٦,٠١ | ١٩,١٣ | ٢٠,٩٨ | ٢١,٧٨ | ٣٠,٥٧ | ٣٧,٦٣ | ٣٦,٠٨ | ٣٥,٦٧ | ٤٠,٤٧ | ٤٣,٢٤ | ٤٢,٩٤ | ٤٢,٥٥ | *١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |
| | بەراورد بە ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگا بۆ هەرێم | ٣,١٥ | ٣,٣٧ | ٢,٩١- | ٢,٦٢- | ٨,٩٤- | ٠,٠٩- | ٠,٥٩ | ١٠,٧٥ | ٧,١٦- | ٤,٢٨- | ٢,٣٣ | ١,٨٧ | - | - | - | - |

**سەرچاوە:** سەرچاوەکانی توێژەر بە بەسوود وەرگرتن لە: أ- سلێمان مستەفا حەسەن، کورد و یەکەم ئەزموون، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ-سلێمانی، ٢٠١٧، ل٦١و٤٧٧. ب- جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية١٩٩٢، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء، بغداد، ١٩٩٢، ص٣٦. ت- المفوضية العليا المستقلة للانتخابات في العراق، ملخص لانتخابات برلمان اقليم كردستان٢٠٠٥، غير منشور، بدون رقم الصفحة. ب- المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، ملخص لانتخابات برلمان اقليم كوردستان٢٠٠٩، غير منشور، بدون رقم الصفحة. ج- المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، ملخص لانتخابات برلمان اقليم كوردستان٢٠١٢، غير منشور، بدون رقم الصفحة. ح -وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەوانی،
- http://www.mop.gov.krd/index.jsp?sid=1&id=271&pid=271,17July 2017,p.3.

خ- دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕاپۆرتی بڵاونەکراوە، بەبێ ژمارە ل. بەکارهێنانی بەرنامەی(IBM SPSS Statistics v.24).

(*)- بەم یاسایەی ڕێژەی سەدەی گەشەی دانیشتوان دەدۆزرێتەوە $(r=(t\sqrt{\frac{pt}{po}}-1)*100)$، (r- ڕێژەی گەشە، t- ژمارەی ساڵەکان، pt- ژمارەی دانیشتوان لە سەرژمێری کۆتایی، po- سەرژمێری دانیشتوان لە سەرژمێری پێشوو.) سەرچاوە: بیان علی حسین، سكان مدينه السليمانيه(دراسه جغرافيه) رساله ماجستير(غير منشور)، قدمت الى كليه الاداب جامعه بغداد،٢٠٠١، ص ٥٢.

(**)-ئەم داتایە پارێزگای کەرکوکیشی لەگەڵە کە(١٤٤,٠٠٠)هەڵبژێریان بۆ تەرخانکردوە.

(*)- پارێزگای کەرکوک هەژمار نەکراوە، لەبەر ئەوەی تەنها لە خولی یەکەم بەشداری کردووە و لە خولەکانی تردا بەشداری پێنەکراوە، بۆیە ناتوانرێت بەراورد بکرێت بە خولەکانی تری پەرلەمان و جیاوازی گۆڕانکارییەکان دەستنیشان بکرێت، ئەمە جگە لەوەی تەنها دووبنکەی دەنگدان لە کۆی (١٦)بنکەی دەنگدان لە دەرەوەی پارێزگای سلێمانی بوون.


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

ژمارەی دانیشتوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەساڵی ١٩٩٢دا(٢,٤٣٨,٩٠٠)کەس بوە، لەساڵی(٢٠٠٥)دا بووە بە(٣,٥٦٦,٠٠٠)کەس، لەماوەی(١٣) ساڵدا(١,١٢٧,١٠٠)کەس زیادیکردووە، گەشەی ساڵانە(٢,٩٧٪)بووە، لەساڵی(٢٠٠٩)دا دانیشتوانی هەرێم دەبێت بە(٤,٠٢٥,٧٥٠)کەس، لەماوەی(٤)ساڵدا (٤٥٩,٧٥٠)کەس زیادی کردووە، گەشەی ساڵانە(٣,٠٨٪) بووە، بەڵام لەساڵی ٢٠١٣دا دانیشتوان دەبێت بە(٤,٧٤٧,٨٧٧)کەس، لەماوەی چوارساڵدا(٧٢٢,١٢٧)کەس زیادی کردووە، گەشەی ساڵانە(٤,٢١٪)بووە.

ئەگەر ڕەچاوی ڕێژەی سەدی دانیشتوان بکەین دەبینین:


١- گەشەی دانیشتوان لە پارێزگای دهۆك تەواو نارێکە و بەرزوونزم دەکات بەجۆرێك کەمترین گەشە(٤,٥٩٪)لە نێوان ساڵانی(١٩٩٢-٢٠٠٥)بەڵام لە نێوان ساڵانی(٢٠٠٥-٢٠٠٩)گەشەی ساڵانە(١٤,٣٨٪)ە،ئەمەش هیچ گومانێك ناهێڵێتەوە لە زیاد بوونی ناسروشتی دانیشتوان، بێگومان هۆکارەکەش هەڵبژاردن و ڕامیارییە. هەر وەك چۆن بەڕێوەبەرایەتی ئاماری ئەم پارێزگایە لە هەڵبژاردنی خولییەکەمی پەرلەماندا بە کۆمەڵێك پاساوی زۆر لاواز ژمارەی دانیشتوانی لە(٣١٣,٥٠٠) زیادکردووە بۆ(٦٠٦,٢٦٥)واتە زیادکردنی ژمارەی دانیشتوان بە ڕێژەی(٩٣,٤٪)، کەچی پاش ١٣ ساڵ لە هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لە ٣٠/١/ ٢٠٠٥ ژمارەکە دەبێت بە(٥٦٢,٠٠٠) واتە (٤٤,٢٦٥) کەس کە دەکاتە(٧,٣٪) کۆی دانیشتوانی پارێزگاکە بەراورد بە دانیشتوانی پارێزگاکە لە ساڵی١٩٩٢ دا کەمی کردووە، ئەمەش تێپەڕاندنی لۆجیك و زانست و واقعی زیادبوونی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانە! چۆن دەبێت دانیشتوانی پارێزگای دهۆك لە ساڵی ٢٠٠٥دا کەمتر بێت لە دانیشتوانی پارێزگاکە لە ساڵی ١٩٩٢دا؟!.بڕوانە شێوەی ژمارە(٥).

٢- گەشەی دانیشتوانی پارێزگای هەولێریش لە کەمبوون و زۆربووندایە بە جۆرێك لە نێوان ساڵانی(١٩٩٢-٢٠٠٥)گەشەی ساڵانە(٢,٦٪)، بەڵام لە نێوان ساڵانی(٢٠٠٥-٢٠٠٩)گەشەی ساڵانە دەبێت بە(١,٥٢٪)، لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٩- ٢٠١٣) جارێکی تر گەشەی ساڵانەی دانیشتوان بەرزدەبێتەوە و دەبێت بە(٣.٧٩٪)، بەگشتی گەشەی ساڵانەی ئەم پارێزگایە لە سنوری ئاساییدایە، بەڵام جیاوازی گەشەی ساڵانەی نێوان خولەکان فرانەوە بۆنمونە جیاوازی گەشەی ساڵانە لە نێوان ساڵی(٢٠٠٥-٢٠٠٩) و(٢٠٠٩-٢٠١٣)،(٢,٢٧٪)ئەمەش جێی گومانە، بۆیە گومان دەکرێت فاکتەری ڕامیاری هەڵبژاردن لەپشت ئەم گۆڕانکارییانەوە بن. بڕوانە شێوەی ژمارە(٥).


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

شێوەی ژمارە(5)

**گەشەی دانیشتوان بە پێی پارێزگاکان و هەرێم لە نێوان هەڵبژاردنی خولی یەکەم- چوارەمی پەرلەمانی کوردستان(١٩٩٢-٢٠١٣)**




**سەرچاوە: کاری توێژەر بە سود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە(٥).**

**٣- گەشەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی لەنێوان ساڵانی(١٩٩٢-٢٠١٣)گۆڕانی ناسروشتی و سەرپەڕی و دوور لە لۆجیك و زانست و زیاد بوونی گەشەی دانیشتوان بەخۆوە بینینوە بە جۆرێك لە نێوان ساڵی(١٩٩٢-٢٠٠٥)گەشەی ساڵانە(٢.٧٨٪)بوە، بەڵام لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٥-٢٠٠٩) دانیشتوان بەرەو کەمی چووە و لەساڵی ٢٠٠٩دا دانیشتوانی ئەم پارێزگایە(-٢٣,٨٠٧)کەس کەمتر بووە لەچاو دانیشتوانی پارێزگاکە لەساڵی(٢٠٠٥)دا، واتە گەشەی ساڵانە(-٠,٣٦٪) ئەم داتایانە تەواو جێی گوومانە، بەڕەچاوکردنی دۆخی ئاینی و کۆمەڵایەتی و تەندروستی... بەهیچ پێوەرێکی زانستی ناشێت و نابێت دانیشتوانی پارێزگایەکی هەرێمی کوردستان بە بێ ئەوەی هیچ دۆخێکی نەخوازراو (کارەساتی سروشتی، کارەساتی مرۆیی) ڕوویدابێت بەرەوکەمبوونەوە بچێت و کەم بکات، لە کاتێکدا چ بەهۆی فاکتەری ئابوری یان ڕۆشنبیری، وارسی مردووەکان وەك پێویست مردووەکانیان لە دەزگا پەیوەندییدارەکانی میری تۆمار ناکەن لەدایك بونیش بەردەوام بووە، ئیتر چۆن دەبێت دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی کەم بکات؟ بەڵام لە نێوان ساڵانی(٢٠٠٩-٢٠١٣)دانیشتوانی ئەم پارێزگایە(٢٩٦,٣٦٧)کەس زیادی کردووە و گەشەی ساڵانە(٤,٢٥٪)، بۆیە ئەم داتایانە جێگەی باوەڕنیە و بە ویستی ڕامیاری گۆڕانکاری لە داتاکاندا کراوە. بڕوانە شێوەی ژمارە(٥).**

**٤- نارێکی و سەرپەڕی گەشەی ساڵانەی دانیشتون لەسەر ئاستی هەرێمیش ڕەنگدانەوەی هەبوە، بە جۆرێك ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان(٢,٩٧- ٤,٢١٪) ئەمەش بە مانای جیاوازی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان دێت لە خولێك بۆ خولێکی ترا.**

**دانیشتوانی پارێزگای دهۆك لەساڵی ١٩٩٢دا(١٢,٨٦٪) دانیشتوانی هەرێم پێکدەهێنێت، لەساڵی(٢٠٠٥)دا ڕێژەکە دەبێت بە(١٥,٧٦) پاشان دەبێت بە(٢٣,٨٩٪)لەساڵی(٢٠٠٩)دا و پاشتر دەبێت بە(٢٤,٤٪) لەساڵی(٢٠١٣)دا، بێگومان ئەم داتایانە پرۆسەی زیاد بوونی دانیشتوانی پارێزگای دهۆك دەخاتە ژێر پرسیارەوە!، زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای دهۆك لەسەر حسابی کەم بوونی دانیشتوانی پارێزگاکانی ترە.**


e-ISSN (2522-7130)   p-ISSN (2410-1036)

لە پارێزگا هەولێر دانیشتوان لەکەمەوە بەرەو کەمبونی بەردەوام هەنگاوی ناوە بۆ نمونە لەساڵی(١٩٩٢)دا دانیشتوانی ئەم پارێزگایە(٣٩،٥١٪)کۆی دانیشتوانی هەرێمی پێکهێناوە، بەڵام لەساڵی(٢٠٠٥) ڕێژەکە دادەبەزێت بۆ(٣٧،٧٢٪) ولە ساڵی(٢٠٠٩)دا جارێکی تر دادەبەزێت بۆ(٣٥،٤٩٪)و لەساڵی ٢٠١٣دا جارێکی تر بە ڕێژەیەی یەکجار زۆر دادەبەزێت بۆ(٢٤،٩٢٪)؟!، ئەم داتایانە تەواو جێی گومانن. ناشێت ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگای هەولێر لە ماوەی(٨) ساڵدا لە(٣٩،٥١٪)دابەزێت بۆ(٢٤،٩٢٪)ی کۆی دانیشتوانی هەرێم، لەکاتێکدا سروشتی پایتەختەکانی وولاّتانی ئاسیاو خۆرهەلأتی ناوەڕاست وایە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ فراوان دەبن.

ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی لە نێوان ساڵانی(١٩٩٢-٢٠١٣)بەردەوام لە کەمبوونەوەدا بووە بە جۆرێك لە ساڵی(١٩٩٢)دا(٤٧،٦٣٪)ی کۆی دانیشتوانی هەرێمی پێکهێناوە، بەڵام لەساڵی(٢٠٠٥)دا ڕێژەکە دادەبەزێت بۆ(٤٧،٥٢٪)، پاشتر لەساڵی(٢٠٠٩) ڕێژەکە دادەبەزێت بۆ(٤٠،٦٢٪)و دواتر لەساڵی (٢٠١٣) ڕێژەکە دەبێت بە(٤٠،٦٨٪)، ئەم داتایە تەواو جێ گومانە ناشێت لە ماوەی(٨)ساڵدا دانیشتوانی پارێزگایەك لە(٤٧،٥٢٪)کۆی دانیشتونی هەرێم ببێت بە (٤٠،٦٨٪)ی کۆی دانیشتوانی هەرێم. بڕوانە شێوەی ژمارە(٦)


لە پارێزگای دهۆك لەساڵی(١٩٩٢)دا (١٧٨،٠٠٠)هەڵبژێر هەبووە، بەڵام لەساڵی(٢٠٠٥)دا و پاش(١٣)ساڵ دەبێت بە (٤٠٤،٣٢٠) هەڵبژێر، واتە(٢٢٦،٣٢٠) هەڵبژێر زیادی کردوە، ڕێژەی گەشەی ساڵانەی هەڵبژێر(٦،٥١٪)، لەساڵی (٢٠٠٩)دا ژمارەی هەڵبژێر دەبێت بە(٥٢١،٣٠٦)، لە ماوەی چوارساڵدا(١١٦،٩٨٦) هەڵبژێر زیادی کردوە، ڕێژەی گەشەی ساڵانە بەرزدەبێتەوە بۆ(٦،٥٦٪)،لەساڵی(٢٠١٣)دا ژمارەی هەڵبژێر دەبێت بە(٦١٢،٩٢٢)هەڵبژێر و لەماوەی(٤) ساڵدا (٩١،٦١٦) هەڵبژێر زیادی کردوە و ڕێژەی گەشەی ساڵانە(٤،١٣٪)بووە. بڕوانە شێوەی ژمارە(٧).

ژمارەی هەڵبژێر لە پارێزگای هەولێریش لە گۆڕانی بەردەوم دابووە، بە جۆرێك لەساڵی(١٩٩٢)دا(٣٤٠،٠٠٠) هەڵبژێر بووە، بەڵام لەساڵی(٢٠٠٥)دا دەبێت بە(٧٩٥،٢٢٠)هەڵبژێر، لەماوەی(١٣)ساڵدا(٤٥٥،٢٢٠)هەڵبژێر زیادیکردوە،


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

شێوەی ژمارە(٦)

(٪)دانیشتوانی پارێزگاکان/دانیشتوانی هەرێم لە هەڵبژاردنی خولی یەکەم - چوارەمی پەرلەمانی کوردستان(١٩٩٢-٢٠١٣).




سەرچاوە: کاری توێژەر بە سود وەرگرتن لە خشتەی ژمارە(٥)

تێکڕای گەشەی ساڵانە(٦,٧٥٪)بووە، بەڵام لەساڵی(٢٠٠٥)دا ژمارەی هەڵبژێر دەبێت بە(٨٩٦,٦٨٣)هەڵبژێر، لەماوەی(٤) ساڵدا(١٠١,٤٦٣)هەڵبژێر زیادی کردووە، تێکڕای گەشەی ساڵانە(٣,٠٥٪)، لەساڵی(٢٠١٣)دا ژمارەی هەڵبژێر دەبێت بە (١,٠٠٣,٩٦٠)هەڵبژێر، لە ماوەی(٤)ساڵدا(١٠٧,٢٧٧)هەڵبژێر زیادیکردوە، تێکڕای گەشەی ساڵانە(٢,٨٧٪)بووە. بڕوانە شێوەی ژمارە(٧).


لە پارێزگای سلێمانی لەساڵی(١٩٩٢)دا(٤٥٠,٠٠٠)هەڵبژێر هەبووە، بەڵام پاش(١٣)ساڵ دەبێت بە(٩١٣,٦٤٦)هەڵبژێر، لەو ماوەیەدا(٤٦٣,٦٤٦)هەڵبژێر زیادی کردووە، گەشەی ساڵانە(٥,٦٪)بووە، لەساڵی(٢٠٠٩)دا ژمارەی هەڵبژێر دەبێت بە(١,٠٦٧,٢٥٩)،لەم ماوەی(٤)ساڵدا(١٥٣,٦١٣)کەس زیادی کردووە، تێکڕای گەشەی ساڵانە(٣,٩٦٪)بووە، بەڵام لەساڵی (٢٠١٣)دا ژمارەی هەڵبژێر دەبێت بە(١,١٩٧,٥١٧)هەڵبژێر، لەماوەی(٤)ساڵدا(١٣٠,٢٥٨)هەڵبژێر زیادی کردووە، گەشەی ساڵانەی هەڵبژێر(٢,٩٢٪)بووە، بڕوانە شێوەی ژمارە(٧).

لەسەر ئاستی هەرێمیش لەساڵی(١٩٩٢)دا ژمارەی هەڵبژێری خەملێنڕاو(١,١١٢,٠٠٠)کەس بوە، بەڵام لەساڵی (٢٠٠٥)دا پاش(١٣)ساڵ دەبێت بە(٢,١١٣,١٨٦)، لەم ماوەیەدا(١,٠٠١,١٨٦)هەڵبژێر زیادی کردووە، ڕێژەی گەشەی ساڵانە (٥,٠٦٪)بووە، لەساڵی(٢٠٠٩)دا ژمارەی هەڵبژێر دەبێت بە(٢,٤٨٥,٢٤٨) هەڵبژێر، لەماوەی(٤) ساڵدا(٣٧٢,٠٦٢) هەڵبژێر زیادی کردووە، تێکڕای گەشەی ساڵانە(٤,١٤٪)بوە، لەساڵی(٢٠١٣)دا ژمارەی هەڵبژێر دەبێت بە(٢,٨١٤,٣٩٩) هەڵبژێر، لەماوەی(٤)ساڵدا (٣٢٩,١٥١)هەڵبژێر زیاد بووە، تێکڕای گەشەی ساڵانە(٣,١٦٪)بووە، ئەوەی جێگای تێڕامانە جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان گەشەی ساڵانەی زیاد بوونی هەڵبژێر لە نێوان پارێزگاکاندا، لە نێو خودی یەك پارێزگاشدا لە خولێك تا خولێکی تری هەڵبژاردندا. بڕوانە شێوەی ژمارە(٧).


e-ISSN (2522-7130)   p-ISSN (2410-1036)

**شێوەی ژمارە(٧)**

**ڕێژەی زیاد بوونی هەڵبژێر بە پێی پارێزگاکان و هەرێم لە نێوان هەڵبژاردنی خولی یەکەم- چوارەمی پەرلەمانی کوردستان(١٩٩٢-٢٠١٣)**




**سەرچاوە: کاری توێژەر بە سود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە(٥).**

لێرەدا ئەگەینە ئەو ڕاستییەی کە ژمارە و ڕێژەی هەڵبژێری پارێزگاکان هاوتا نیە لەگە زیابوونی ڕێژەی دانیشتواندا، بۆ نمونە لە پارێزگای دهۆك جیاوازی نێوان ڕێژەی زیادبوونی هەڵبژێر بۆ ڕێژەی زیادبوونی دانیشتوانی نێوان دووخولی یەك لە دوای یەك بەم جۆرەیە(١,٩٢٪)،(-٧,٨٢٪)،(-٠,٦٣٪)، لە پارێزگای هەولێر (٤.١٥٪) ،(١.٥٣٪)،(-٠,٩٢٪)، لە پارێزگای سلێمانی(-٠,١٪)(٤.٣٢٪)(-١,٣٣٪)، لەسەر ئاستی هەرێمیش(٢.٠٩٪)(١.٠٦٪)(-١.٠٥٪) لێرەدا ئەگەینە ئەو بڕوایەی ژمارەی هەڵبژێری ڕاگەیەندراو بەردەوام لە گۆڕانکاریدا بوە، جیاوازی فراوانی گۆڕانەکان، گومانێکی زۆر هەڵدەگرێت، بۆیە ئەگەر بتوانین تەنها شرۆڤەیەکی بۆ بکەین، زیادکردنی دەنگ و بەرژەوەندی ڕامیاری و هەڵبژاردن لە پشت ئەم گۆڕانکارییانەوە بوون.

ڕێژەی هەڵبژێر لە پارێزگای دهۆك لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا(٥٦.٧٨٪)ی دانیشتوانی پارێزگاکە بووە، بەڵام لە هەڵبژاردنی خولی دوووەمدا بەشێوەیەی چاوەڕواننەکراو بەرز دەبێتەوە بۆ(٧١,٩٤٪)ی دانیشتوانی پارێزگاکە، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا جارێکی دی دادەبەزێت بۆ(٥٥,٢٣٪)، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەم بەردەوام دەبێت لە دابەزین و دەبێت بە(٥٢,٩٪). بڕوانە شێوەی ژمارە(٨).

ڕێژەی هەڵبژێر لە پارێزگای هەولێر لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا(٣٥,٢٨٪)کۆی دانیشتوانی پارێزگاکە بوە، لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا زۆر بەخێرای بەرەو زیاد بوون دەچێت و دەبێت بە(٥٩,١٢٪)، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەم بەردەوام دەبێت لە زیاد بوون و دەبێت بە(٦٢,٧٦٪)، لە هەڵبژاردنی خولی چورەمدا بەرەو دابەزین دەچێت بو دەبێت بە(٦٠,٥٦٪)، بڕوانە شێوەی ژمارە(٨).

ڕێژەی هەڵبژێر لە پارێزگای سلێمانی لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا(٣٨,٧٤٪)ی دانیشتوانەکەی پێکهێناوە، بەڵام لە هەڵبژاردنی خولی دوووەمدا ڕێژەکە بەشێوەیەکی زۆر زیاد دەبێت و دەبێت(٥٥٪)، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا ڕێژەکە زیاتر زیاد دەکات و دەبێت بە(٦٥,٢٦٪)، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا ڕێژەکە جارێکی دی دادەبەزێت و دەبێت بە(٦٢٪)، بڕوانە شێوەی ژمارە(٨).


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لەسەر ئاستی هەرێمیش ڕێژەی هەڵبژێر/دانیشتونی هەرێم، لە گۆڕان و بەرزو نزمی بەردەوام دا بووە، لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا(٤٥,٦٪)ی کۆی دانیشتوانی هەرێمی پێکهێناوە، لە هەڵبژاردنی خولی دووەم ڕێژەکە زیاتر دەبێت و دەبێت بە(٥٩,٢٦٪)، بەڵام لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا ڕێژەکە دادەبەزێت و دەبێت بە(٦١,٧٢٪)، لەهەڵبژاردنی خولی چوارەمدا ڕێژەکە جارێکی دی دادەبەزێت و دەبێت بە(٥٩,٢٧٪)، بڕوانە شێوەی ژمارە(٨).

وەك لە شێوەی ژمارە(٨)دەبینین، ڕێژەی هەڵبژێری هەر پارێزگایەك تا پارێزگایەکی دی لە هەموو خولەکانی هەڵبژاردندا لە بەرزونزمی بەردەوامدا، ئەمەش بەڵگەیە لە زیاد و کەمکردنی بەمەبەستی ژمارەی هەڵبژێری هەرێم، بێ گومان یەکێك لە ئامانجەکانیش پرسی هەڵبژاردنە.

جیاوازی ڕێژەی و بەرکەوتەی هەڵبژێری پارێزگای دهۆك لەگەڵ تێکڕای هەڵبژێری/دانیشتوانی هەرێم لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا(١١,١٨٪)، لە هەڵبژاردنی خولی دووەم ڕێژەکە زیاتر دەبێت و دەبێت بە(١٢,٦٨٪)، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەم ڕێژەکە بەشێوەیەکی زۆر چاوەڕواننەکراو دادەبەزێت بۆ(-٦,٥٪)، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەم بەردەوام دەبێت لە دابەزین و دەبێت بە(-٦,٣٧٪)، بڕوانە شێوەی ژمارە(٩).

جیاوازی ڕێژەی هەڵبژێر/دانیشتونی پارێزگای هەولێر لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا(-١٠,٣٢٪)ی ڕێژەی هەڵبژێر/دانیشتوانی هەرێم بووە، لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا ڕێژەکە زۆر بەرزدەبێتەوە و دەبێت بە(-٠,١٤٪)، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا ڕێژەکە زیاتر بەرزدەبێتەوە و دەبێت بە(١,٠٣٪)، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا ڕێژەکە بەرزتر دەبێتەوە و دەبێت بە(١,٢٩٪).بڕوانە شێوەی ژمارە(٩).

شێوەی ژمارە(٨)

ڕێژەی هەڵبژێر/دانیشتوانی پارێزگا و هەرێم لە هەڵبژاردنی خولی یەکەم- چوارەمی پەرلەمانی کوردستان(١٩٩٢-٢٠١٣)





سەرچاوە: کاری توێژەر بە سود وەرگرتن لە خشتەی ژمارە(٥).


e-ISSN (2522-7130)   p-ISSN (2410-1036)

**شێوەی ژمارە(٩)**

**جیاوازی بەرکەوتەی ڕێژەی هەڵبژێر/دانیشتوانی پارێزگا بۆ ڕێژەی هەڵبژێر/دانیشتوانی هەرێم لە هەڵبژاردنی خولی یەکەم- چوارەمی پەرلەمانی کوردستان(١٩٩٢-٢٠١٣)**




**سەرچاوە: کاری توێژەر بە سودوەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە(٥).**

لە پارێزگای سلێمانیش ئەم گۆرانکاریە گەورەیە لە ڕێژەی هەڵبژێر/دانیشتوانی پارێزگاکە لە خولێك بۆ خولێکی تر دەبینرێت، لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا ڕێژەکە(-٦,٨٦٪)ە، لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا ڕێژەکە بەرزدەبێتەوە و دەبێت بە(-٤,٢٦٪)، لەهەڵبژاردنی خولی سێیەمدا ڕێژەکە زیاتر بەرزدەبێتەوە و دەبێت بە(٣,٥٣٪)، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا ڕێژەکە دادەبەزێت و دەبێت بە(٢,٧٣٪).بڕانە شێوەی ژمارە(٩).

ئەم زیاد و کەمکردنەی هەڵبژێری پارێزگاکان لە خولێك بۆ خولێکی تری هەڵبژاردن، کاریگەری هەبووە لە زیاد و کەم بوونی بەشداری پشکی پارێزگاکان، پشکی هەڵبژێری پارێزگای دهۆك لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا(١٦,٠١٪)ی پشکی هەڵبژێری هەرێم بووە، لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا ڕێژەکە زیاد دەبێت و دەبێت بە (١٩,١٣٪)، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەم ڕێژەکە زیاتر دەبێت و دەبێت بە(٢٠,٩٨٪)، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەم ڕێژەکە زیاتر دەبێت و دەبێت بە(٢١,٧٨٪) هەڵبژێرەکانی هەرێم، بڕوانە شێوەی ژمارە(١٠).

پشکی هەڵبژێری پایزگای هەولێر لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا(٣٠,٥٧٪)بووە، لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا ڕێژەکە زیاتر دەبێت و دەبێت بە(٣٧,٦٣٪)، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا ڕێژەکە کەمێك دادەبەزێت و دەبێت بە(٣٦,٠٨٪)، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا ڕێژەکە زیاتر دادەبەزێت و دەبێت بە(٣٥,٦٧٪)ی هەڵبژێرەکانی هەرێم، بڕوانە شێوەی ژمارە(١٠).

پارێزگای سلێمانی لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا بە ڕێژەی(٤٠,٤٧٪) بەشدارە لەپێکهێنانی هەڵبژێرەکانی هەرێمدا، لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا ڕێژەکەی زیاد دەبێت و دەبێت بە(٤٣,٢٤٪)، لە خولی سێیەمدا ڕێژەکە زیاتر دادەبەزێت دەبێت بە(٤٢,٩٤٪)، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا ڕێژەکە زیاتر دادەبەزێت و دەبێت بە(٤٢,٥٥٪)ی کۆی هەڵبژێرەکانی هەرێم، بڕوانە شێوەی ژمارە(١٠).



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

جیاوازی ڕێژەی هەڵبژێری پارێزگا/هەڵبژێری هەرێم لە چاو ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگا/دانیشتوانی هەرێم لە گۆڕان و کەموو زیاد بوونی تەواو دا بووە، بۆ نمونە جیاوازی ڕێژەی هەڵبژێر/ هەڵبژێری هەرێم لە چاو ڕێژەی دانیشتوان/دانیشتوانی هەرێم لە پارێزگای دهۆك لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا(٣،١٥٪)، بەڵام لە هەڵبژاردنی خولی دووەم جیاوازیەکە زیاتر دەبێت و دەبێت بە(٢،٣٧٪)، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەم جیاوازییەکە بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو دادەبەزێت و دەبێت بە(-٢،٩١٪)، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا جیاوازیەکە کەمێك زیاد دەبێت و دەبێت بە(-٢،٦٣٪). بڕوانە شێوەی ژمارە(١١).

ئەم جیاوازیە لە پارێزگای هەولێریش هەر بەدی دەکرێت، لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا جیاوازی ڕێژەی هەڵبژێری پارێزگاکە/هەڵبژێری هەرێم بە ڕێژەی(-٨،٩٤٪)کەمترە لە چاو ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگاکە/دانیشتوانی هەرێم، لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا جیاوازیەکە زیاد دەکات و دەبێت بە(-٠،٠٩٪)، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا

شێوەی ژمارە(١٠)

ڕێژەی هەڵبژێری پارێزگاکانی هەرێم/ هەڵبژێری هەرێم لە هەڵبژاردنی خولی یەکەم- چوارەمی پەرلەمانی کوردستان(١٩٩٢-٢٠١٣)




سەرچاوە: کاری توێژە بە سود وەگرتن لە خشتەی ژمارە(٥).

جیاوازیەکە زیاتر دەبێت و دەبێت بە(٠،٥٩٪)، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا جیاوازیەکە زیاتر زیاد دەکات و دەبێت بە(١٠،٧٥٪)، بڕوانە شێوەی ژمارە(١١).

ئەم جیاوازە لە پارێزگای سلێمانیش هەر بوونی هەبوە، لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا جیاوازیەکە(-٧،١٦٪)لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا جیاوازیەکە زیاتر دەبێت و دەبێت بە(-٤،٢٨٪)، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا جیاوازیەکە زیاتر دەبێت و دەبێت بە(٢،٣٢٪)، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا جیاوازیەکە دادەبەزێت و دەبێت بە(١،٨٧٪)، بڕوانە شێوەی ژمارە(١١).

لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە:



e-ISSN (2522-7130)   p-ISSN (2410-1036)

١- هیچ هاوسەنگییەك نیە لە نێوان ژمارەی هەڵبژێری پارێزگایەك تا پارێزگایەکی تر، بەردەوام ئەم ڕێژانە لە گۆڕاندا بوە، لەکاتێکدا دۆخی ڕامیاری و ئابوری و سەربازی و کۆمەڵایەتی ئەم پارێزگایانە وەك یەکن یان زۆر نزیکن لەیەکەوە.

٢- هیچ هاوسەنگییەك نیە لە نێوان ژمارەی هەڵبژێری پارێزگایەك لە خولێك تا خولێکی تری هەڵبژاردن، بۆ نمونە هەڵبژێری پارێزگای دهۆك لەهەڵبژاردنی خولی دووەمدا(٧١,٩٤٪)کۆی دانیشتوانی پارێزگاکەی پێکهێناوە، بەڵام بۆهەڵبژاردنی خولی سێیەم ئەم ڕێژەیە دەبێت بە(٥٥,٢٣٪) واتە ڕێژەی(-١٦.٢٦٪)هەڵبژێری پارێزگاکە کەمی کردووە؟!، ئەمە بۆ پارێزگای سلێمانیش هەر دروستە بۆ نمونە لەهەڵبژاردنی خولی دووەمی ساڵی(٢٠٠٥)دا ڕێژەی هەڵبژێر/دانیشتوانی پارێزگاکە(٥٥٪)ە، بەڵام لەهەڵبژاردنی خولی سێیەمدا ڕێژەکە دەبێت بە (٦٥,٢٦٪) واتە بە جیاوازی(١٠,٢٦٪) ئەمەش زۆر دوورە لە ڕاستییەوە!، چونکە ناکرێت دەنگدەری پارێزگایەك لەماوەی تەنها(٤)ساڵدا

شێوەی ژمارە(١١)

جیاوازی ڕێژەی هەڵبژێر/هەڵبژێری هەرێم لە چاو دانیشتوانی پارێزگاکە/دانیشتوانی هەرێم لە هەڵبژاردنی خولی یەکەم- چوارەمی پەرلەمانی کوردستان(١٩٩٢-٢٠١٣).




سەرچاوە: کاری توێژە بە سود وەگرتن لە خشتەی ژمارە(٥).

ئەو گۆڕانە گەورانە چ لە زیاد بوون و چ لە کەمبوونی هەڵبژێر بەخۆیەوە ببینێت لە جێگیری بارودۆخی هەرێمدا(سروشتی، مرۆیی).

ئەگەر بڕوانین لە ڕێژەی هەڵبژێری پارێزگای دهۆك لەساڵی(١٩٩٢)دا (١٦,٠١٪)ی تێکرای هەڵبژێر/هەڵبژێری هەرێم-ە، ئەمەش زیاترە لە تێکڕای دانیشتوانی پارێزگاکە/دانیشتوانی هەرێم بە ڕێژەی(٣,١٥٪)، لەهەڵبژاردنی خولی دووەمدا ڕێژەی هەڵبژێر دەبێت(١٩,١٣٪)، ئەمەش بە ڕێژەی(٣,٣٧٪)زیاترە لە ڕێژەی دانیشتوانی ئەم پارێزگایە/دانیشتوانی هەرێم، لەهەڵبژاردنی خولی سێیەمدا ڕێژەی هەڵبژێر بەرزتر دەبێتەوە دەبێت بە(٢٠,٩٨٪) بەڵام ڕێژەی دانیشتوانەکەی/دانیشتوانی هەرێم دادەبەزێت بۆ(-٢,٩١٪)، لەهەڵبژاردنی خولی چوارەمدا ڕێژەی هەڵبژێری ئەم پارێزگایە زیاتر بەرزتردەبێتەوە دەبێت بە(٢١,٧٨٪)بەڵام هێشتا کەمترە لە ڕێژەی دانیشتوانی ئەم پارێزگایە/دانیشتوانی هەرێم بە ڕێژەی(-٢,٦٢٪).

هەڵبژێری پارێزگای هەولێر لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا(٣٠,٥٧٪)کۆی هەڵبژێری هەرێم پێکدەهێنێت، بە ڕێژەی(-٨,٩٤٪)کەمترە لەچاو دانیشتوانی پارێزگاکە/دانیشتوانی هەرێم، لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا ڕێژەی هەڵبژێر دەبێت بە(٣٧,٦٣٪)کۆی هەڵبژێری هەرێم، بە ڕێژەی(-٠,٠٩٪)کەمترە لە چاو ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگاکە/ دانیشتوانی هەرێم، لەهەڵبژاردنی خولی سێیەمدا ڕێژەی هەڵبژێری ئەم پارێزگایە دەبێت بە(٣٦,٠٨٪)ی کۆی هەڵبژێری هەرێم، بە ڕێژەی(٠,٥٩٪)کەمترە لە ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگاکە/دانیشتوانی هەرێم، لەهەڵبژاردنی خولی چوارەمدا ڕێژەی هەڵبژێر دادەبەزێت بۆ(٣٥,٦٧٪)ی کۆی هەڵبژێری هەرێم، بەڵام هێشتا بە ڕێژەی(١٠,٧٥٪) زیاترە لە ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگاکە/دانیشتوانی هەرێم.

هەڵبژێری پارێزگای سلێمانی لە هەڵبژاردنەکانی خولی یەکەمدا(٤٠,٤٧٪)کۆی هەڵبژێری هەرێمی پێکهێناوە، ئەمەش کەمترە بەڕێژەی(-٧,١٦٪)ی ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگاکە/دانیشتوانی هەرێم، لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا ڕێژەی هەڵبژێر دەبێت بە(٤٣,٢٤٪)، ئەمەش کەمترە بە ڕێژەی(-٤.٢٨٪)لە چاو دانیشتوانی پارێزگاکە/دانیشتوانی هەرێم، لەهەڵبژاردنی خولی سێیەمدا ڕێژەی هەڵبژێری پارێزگاکە دەبێت بە(٤٢,٩٤٪)بەڵام بەڕێژەی(٢,٣٢٪) زیاتر دەبێت! لەچاو دانیشتوانی پارێزگاکە/دانیشتوانی هەرێم، لەهەڵبژاردنی خولی چوارەمدا ڕێژەی هەڵبژێری پارێزگاکە(٤٢,٥٥٪)ی هەڵبژێری هەرێم پێکدەهێنێت، ئەمەش بەڕێژەی(١,٨٧٪)زیاترە لە ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگاکە/دانیشتوانی هەرێم.

ئەگەر بڕوانین ڕێژەی هەڵبژێری هەر پارێزگایەك بۆ تێکڕای هەڵبژێری هەرێم بەردەوام لە گۆڕاندا بووە، پارێزگای دهۆك خول لەدوای خول ڕێژەکەی زیاد بووە بە جۆرێك خول لە دوای خول بووە بە(١٦,٠١٪)،(١٩,١٣٪)، (٢٠,٩٨٪)،(٢١,٧٨٪)، بەڵام پارێزگای هەولێر لە خولی یەکەمدا(٣٠,٥٧٪)بوە بەڵام لە خولی دووەدا بەرزدەبێتەوە بۆ(٣٧,٦٣٪)، لە خولی سێیەمدا دادەبەزێت بۆ(٣٦,٠٨٪)، لە خولی چوارەمیشدا بەردەوم دەبێت لە دابەزین و دەبێت بە(٣٥,٦٨٪)، ئەمە بۆ پارێزگای سلێمانیش هەر دروستە، لە خولی یەکەمدا ڕێژەکە(٤٠,٤٧٪)بەڵام لە خولی دووەم بەرزدەبێتەوە بۆ(٤٣,٢٤٪)بەڵام لە خولی سێیەم دادەبەزێت بۆ(٤٢,٩٤٪) و لە خولی چوارەمدا زیاتر دادەبەزێت دەبێت بە(٤٢,٥٥٪). جگە لە هۆکاری ڕامیاری هیچ هۆکارێکی تر ڕۆڵی نەبوە لە گەمەکردن بە داتاکان و زیاد و کەمکردنی ڕێژەی هەڵبژێری پارێزگاکان.


e-ISSN (2522-7130)   p-ISSN (2410-1036)

## ئەنجام

١- ئەو قەوارە فیدراڵیەی هەرێمی کوردستان لە ئێستادا بوونی هەیە بەشێکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجامیدانی پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، سەرەڕای هەموو ئەو کەموو کوڕیانەی کە پرۆسەکەی پێ ئەنجام درا.

٢- جیاوازییەکی زۆر و سەرپەڕیەکی زۆر! هەیە لە نێوان ڕێژەی سەدی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان و هەڵبژێری هەرێم لە خولێك تا خولێکی تری هەڵبژاردن، ئەمە جگە لەوەی لە نێوان پارێزگاکانیشدا ئەم جیاوازیە زۆرە هەیە. هاوتا نین لەگەڵ گەشەی ساڵانەی دانیشتوان و هەڵبژێری هەرێم.

٣- ئامانجی ڕامیاری و هەڵبژاردن لە پشت ئەو گۆڕانە زۆرە لە ژمارە و ڕێژەی دانیشتوان و هەڵبژێری هەرێم بووە لەو ماوەیەی لێکۆڵینەوەکەی تێدا ئەنجامدراوە.

٤- ئەنجامی هەڵبژاردنی خولەکانی یەکەم- چوارەمی پەرلەمان کە لەسەر بنەمای ژمارەی دانیشتوان و هەڵبژێر و ژمارەی دەنگدەران و دەنگی دراو بەدی هاتوون، مادام گۆڕانە دیمۆگرافییەکان دوورن لە پێوەرە زانستیەکان و واقعی زیاد بوونی گەشەی دانیشتوانی هەرێم، بۆیە تەواوی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکان دەکەونە ژێر پرسیارەوە.

## پێشنیار

بە ئامانجی چارەسەرکردنی گرفتی کەم و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و هەڵبژێری هەرێم، کە ڕاستەوخۆ کاریگەریان دەبێت لەسەر زیاد و کەمبوونی ژمارەی دەنگدەران و ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، باشترە ئەم ڕێ و شوێنانە بگیرێنە بەر:

١-ئەنجامدانی پرۆسەی سەرژمێری بە سیستمی بایۆمەتری بەهاوبەشی لەگەڵ حکومەتی عێراقی فیدڕاڵ، تا نەزانرێت قەبارەی دانیشتوانی هەرێم چەندە، پێکهاتەی تەمەنی هەرێم نازانرێت، نازانرێت چەند کەس مافی دەنگدانی هەیە، چەند کەس لە ژیاندا نەماون، چەند کەس کۆچیان کردوە...هتد، بۆیە لەم دۆخەدا تۆماری دەنگدەران خاوێن نابێت، هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردنیش ئەنجام بدرێت جێ ڕەزامەندی نە بەشێك لە دانیشتوان، نە بەشێك لە لیست و لایەنە ڕامیارییەکانی هەرێم دەبێت.

٢- بەکارهێنانی ئامێری ناساندنی هەڵبژێر لە هەڵبژاردنەکانی ئایندەدا، بۆ ئەمەش دەبێت سود لە سیستمی(Biometric system)وەربگیرێت و لە ڕێی مانگی دەستکردی(V-Sat) پرۆسەکە بەڕێوەببرێت و ڕێگری بکرێت لە دەنگدانی دووبارە و دەنگدانی هەموو ئەو کەسانەی کە کۆبوونی خۆراکیان لە دەرەوەی قەڵەمڕەوی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بە تایبەت ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، تا ئەو کاتەی بە ڕێکەوتنی ڕامیاری نێوان حکومەتەکانی هەرێم و عێراقی فیدڕاڵ، دەنگدەرانی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیداریە هەرێم مافی بەشدارییپێکردنیان دەبێت لە هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**لیستی سەرچاوەکان:**

**یەکەم/ سەرچاوە کوردییەکان:**

**أ- پەرتوك**

١- حەبیب، بەدران ئەحمەد، هەڵبژاردنەکانی کوردستان١٩ ئایار١٩٩٢ بەڵگەو دەستهاوێژ،چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر ،١٩٩٨.

٢- عبدالخالق، مسعود، مەوسوعەی جودی بۆ چەمك و زاراوەکانی سەردەم، نوسینگەی تەفسیربۆ بلاّوکردنەوە ڕاگەیاندن- هەولێر، ٢٠٠٨.

٣- کەریم، ئەحمەد ڕەفیق ، ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان، لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای سیاسیدا، بلاّوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان- سلێمانی، ٢٠١٤.

**ب- گۆڤار**

١-ڕێکخراوی ئاسایش و هاریکاری ئەوروپا، هەڵسەنگاندنی هەڵبژاردن،و. باوکی هانی، گۆڤاری هەڵبژاردن، ژمارە(١٦)، کانوونی یەکەمی ٢٠١١.

**ت- ڕۆژنامە**

١- ئەحمەد، شەهات،(١١٩,٤٠٢)کەس مافی دەنگدانی تایبەتیان هەیە، ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە(١٠٣١)، ٢٠٠٩/٧/٢٢.

٢- عبداللە، ژینۆ، ئەمڕۆ نزیکەی ١٤ملیۆن هاووڵاتی عێراق و کوردستان دەنگدەدەن، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٣٥٨٣)،٢٠٠٥/١/٣٠.

٣- کوردستانی نوێ، تێکڕا ٨٥-٨٦٪ پێشمەرگە و پۆلیس دەنگیاندا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٤٩٣٢)، ٢٠٠٩/٧/٢٤.

**پ- بلاّوکراوەی فەرمی و حزبی**

١- ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی- عێراق، بڕیاری ژمارە(٦) ساڵی ٢٠٠٩ گۆڤاری وەقائیعی کوردستان ژمارە ١٠٠ لە ٢٠٠٩/٦/١.

٢- دەستەی ئاماری هەرێم، مەزەندەی دانیشتوان هەرێمی کوردستان-٢٠٠٥، داتای بلاّونەکراوە.

٣- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، ڕاپۆرتی پێشبینی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی(٢٠٠٩-٢٠٢٠)، ڕاپۆرتی بلاّوکراوە، ٢٠١٤.

**ج- وێب سایتی ئینتەرنێت:**

١- ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عێراق، یاسای ژمارە(٢)ی ساڵی٢٠٠٩ یاسای هەموارکردنی چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عێراق ژمارە(١)ی ساڵی١٩٩٢ی هەموارکراو، http://www.kurdistan-parliament.org/Default.aspx?page=byyear&c=LDD-18. Yasa&id=2009,16February20


e-ISSN (2522-7130)   p-ISSN (2410-1036)

٢- ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی- عێراق، یاسای ژمارە(٤٧)ی ساڵی٢٠٠٤ یاسای سێیەم هەموارکردنی یاسای ژمارە(١)ی هەموارکراوی ساڵی(١٩٩٢)ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق،
http://www.kurdistan-parliament.org/Default.aspx?page=byyear&c=LDD-Yasa&id=2004,16February2018.

٣- دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان لە عێراق ،" یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق لە قۆناغی گواستنەوە" ٨-٣-٢٠٠٤،
http://www.cpa-iraq.org/democracy/TAL-Kurdi.pdf,17April2009,p.24.

٤- بەزاز،عەونی، پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان- عێراق و هەموارکردنەکانی،
http://www.kurdistan-parliament.org/Default.aspx?page=page&c=paerawenawxo,17February2018,p.

٥- دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، نەخشەی ڕووبەری پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە کیلۆمەتر
http://www.krso.net/Default.aspx?page=article&id=817&l=3

٦- پەرلەمانی کوردستان- عێراق، یاسای ژمارە(١٥)ی ساڵی ٢٠١٣ یاسای هەمواری حەوتەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان- عێراقی ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو،
http://www.kurdistan-parliament.org/Default.aspx?page=byyear&c=LDD-Yasa&id=2013,17February2018,p.

٧- پەرلەمانی کوردستان- عێراق، یاسای ژمارە(١٨)ی ساڵی ٢٠١٣ یاسای درێژکردنەوەی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان- عێراق،
-http://www.kurdistan-parliament.org/Default.aspx?page=byyear&c=LDD-Yasa&id=2013,17,February2018,p.

٨- پەرلەمانی کوردستان، مێژووی هەڵبژاردن،
http://www.kurdistan-parliament.org/Default.aspx?page=page&c=Parliament-History,19Octorber2017.

٩- پەرلەمانی کوردستان، یاسای درێژکردنەوەی یەکەم دەورەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق،
-http://www.kurdistan-parliament.org/Default.aspx?page=byyear&c=LDD-Yasa&id=1996,16February2018,0p.255

١٠- پەرلەمانی کوردستان، یاسای درێژکردنەوەی ماوەی یەکەمین خولی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق،
-http://www.kurdistan-parliament.org/Default.aspx?page=byyear&c=LDD-Yasa&id=1995,16February 2018.

١١- پەرلەمانی کوردستان، یاسای دووەمین درێژکردنەوەی ماوەی یەکەم خولی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق،
http://www.kurdistan-parliament.org/Default.aspx?page=byyear&c=LDD-Yasa&id=١٩٩٦,16February2018.p.

١٢- پەرلەمانی کوردستان، یاسای ژمارە(٢)ی ساڵی ١٩٩٨ یاسای درێژکردنەوەی خولی هەڵبژاردنی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عێراق،


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

-http://www.kurdistan-parliament.org/Default.aspx?page=byyear&c=LDD-Yasa&id=1998,16February2018.

١٣- وەزارەتی پلاندانا، دانیشتوانی پارێزگای هەولێر-٢٠٠٧

http://www.mop-krg.org/detail.aspx?page=statisticsbysubjects&c=sbsPopulation&id=٤٢٠,30March2009.

١٤- وەزارەتی پلاندانان، دانیشتوانی پارێزگای دهۆك-٢٠٠٧،

http://www.mop.gov.krd/detail.aspx?page=statisticsbysubjects&c=sbsPopulation&id=423,20March2009.

١٥- وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەوانی،

http://www.mop.gov.krd/index.jsp?sid=1&id=271&pid=271,17July 2017,p.3.

١٦- وەزارتی پلاندانان، دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی-٢٠٠٧،

http://www.mop.gov.krd/detail.aspx?page=statisticsbysubjects&c=sbsPopulation&id=424,30March2009.

٢-سەرچاوەی عەرەبی

أ- پەرتوك

١- المجموعة القانونية الدولية لحقوق الانسان، انتخابات بلا حدود تقرير حول انتخابات مايس ١٩٩٢ في كوردستان العراق، ت. مكتب الدراسات والبحوث المركزي الحزب الديمقراطي الكوردستاني،الطبعة الاولى،دراسة رقم "٤٣"، ١٩٩٩.

ب- ڕۆژنامە

١- جريدة المدى، القوائم المشاركة في انتخابات اقليم كردستان مع مرشحي الرئاسة، جريدة المدى، العدد(١٥٦٤)، ٢٥تموز٢٠٠٩.

٢- جريدة المدى، سجل انتخابات كانون الثاني٢٠٠٥ اساس تقسيم المقاعد للمجلس النيابي القادم، العدد(٥١١)،١٠ تشرين الاول٢٠٠٥.

ت- نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا

١- حسين، بيان علي، سكان مدينة السليمانية(دراسة جغرافية) رسالة ماجستير(غير منشور)، قدمت الي كلية الاداب جامعة بغداد،٢٠٠١.

پ- بلاوکراوەی فەرمی و حزبی

١-مجلس الحكم، قرار رقم(٤٦)لسنة ٢٠٠٤، ٣٠ اذار٢٠٠٤.

٢-مجلس الحكم، قانون ادارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية، ٨ اذار٢٠٠٤.

٣-مجلس النواب العراقي، تشكيل الحكومة العراقية الانتقالية، جريدة الوقائع العراقية العدد ٣٩٩٨، ٥/٢٣/ ٢٠٠٥،ص٢-٤الجمعية الوطنية العراقية، قانون رقم(١١)لسنة ٢٠٠٥ قانون الاستفتاء على مشروع الدستور، جريدة الوقائع العراقية ، العدد(٤٠٠٥)،١٢/ تشرين الاول/٢٠٠٥.

٤-جمعية الوطنية العراقية الانتقالية، الديباجة،جريدة الوقائع العراقية، العدد ٤٠١٢، ٢٨ كانون الاول ٢٠٠٥.


p-ISSN (2410-1036)   e-ISSN (2522-7130)

٥-المجلس الوطني: ما يسمى بمجلس وزراء الحكم الذاتي لا يتمتع بأية صفة قانونية و قراراته غير مشروعة، جريدة العراق، العدد(٥٣٠)،١٤ تموز١٩٩٢.

٦-مجلس الحكم، قرار(١٤) ،٢٠٠٣/٨/١١.

٧-مجلس الحكم، قرار(٩٣)لسنة ٢٠٠٤، ٢٠٠٤/٦/١.

٨-مجلس الحكم، قرار رقم(٤٨)لسنة ٢٠٠٤، ٢٠٠٤/٣/٢٩.

٩-مجلس الحكم،قرار رقم(٣٣)لسنة ٢٠٠٤، ٢٠٠٤/٣/٨.

١٠-المفوضية العليا المستقلة للانتخابات في العراق، ملخص لانتخابات برلمان اقليم كردستان٢٠٠٥، غير منشور، بدون رقم الصفحة.

١١-. جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية٢٠١٠- ٢٠١١، بدون مكان الطبع، بدون سنة الطبع.

١٢-جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء وتكنولوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية لعام ٢٠٠٥-٢٠٠٦، بدون عدد الطبعة، بدون مكان طبع، بدون سنة الطبع.

١٣-جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء وتكنولوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية لعام ٢٠٠٥-٢٠٠٦، بدون عدد الطبعة، بدون مكان طبع، بدون سنة الطبع.

ج- وێب سایتی ئینتەرنێت

١- الامم المتحدة/حقوق الانسان/ مكتب المفوض السامي، الاعلان العالمي لحقوق الانسان،
-http://www.ohchr.org/AR/UDHR/Pages/UDHRIndex.aspx,٢٥August٢٠١٧ page .no .number

٢- الامم المتحدة، نشر معلومات الامم المتحدة لانتخاب ٢٠٠٥،
- http://www.ihec-iq.com/ftpar/regulation٢٠٠٥/other/٢٠٠٥_election_fsheet_ar.pdf,٢٨August٢٠١١

٣- الجهاز المركزي للاحصاء، اسقاطات السكان حسب المحافظات والبيئة لسنة٢٠١٣،
- http://cosit.gov.iq/AAS٢٠١٦/population/population(١١).htm,١٩Dcember٢٠١٧.

٤- المفوضية العليا المستقلة للانتخابات في العراق، نظام رقم(٢)لسنة ٢٠٠٤(تسجيل الناخبين)،
- http://www.ihec.iq/ar/index.php/prosedur٢٠٠٤.html,٣٠September٢٠١٧.

٥- المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، اجراء تحديث سجل الناخبين لاقليم كردستان٢٠٠٩،
-http://www.ihec-iraq.com/ar/index.php/proseduer٢٠٠٩.html,١٧February٢٠١٨.

٦- المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، التقرير الفصلي للمفوضية العليا المستقلة للانتخابات للمدة من ٢٠١٣/٨/١- ٢٠١٣/١٠/٣١.
- http://www.ihec.iq/ar/index.php/bord.html, ٢٢july ٢٠١7.

٧- المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، نظام تحديث سجل الناخبين والعرض والطعون لانتخابات رئاسة و برلمان اقليم كوردستان- العراق رقم(١)لسنة٢٠١٣،

- http://www.ihec.iq/ihecftp/system-kurd۲۰۱۳sys/۱,KURD.pdf.۲۰December۲۰۱۳p.۲,

## پوختە

هەموو پرۆسەیەکی هەڵبژاردن بۆ دانیشتوانی ناوچەیەکی دیاریکراو ئەنجامدەدرێت، بەشێك لەم دانیشتوانە دەنگدەرن و بەشێکیان پاڵێوراون، دواجار بە دەنگی هەڵبژێرەکان بەشێك لەکاندیدەکان سەردەکەون بۆ پەرلەمان...هتد و فەرمان ڕەوای دانیشتوانەکە دەکەن و یاساکانیان بۆ دەردەکەن و یاساکانیان بەسەردا جێ بەجێ دەکەن، زۆر و کەمی ژمارەی دانیشتوان کاریگەری هەیە لەسەر دیاریکردنی ڕێژەی هەڵبژێر و ئەمیش کاریگەری هەیە لەسەر ژمارەی دەنگدەران، دواجار ئەم ژمارەیە کاریگەری هەیە لەسەر ئەنجامی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان، ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا بە دی دەکرێت سەرپەڕیەکی یەکجار زۆر هەیە چ لە ژمارەی دانیشتوان، چ لە ژمارەی هەڵبژێری پارێزگایەك تا پارێزگایەکی تر، تەنانەت لە خودی پارێزگاکەشدا لە خولێك تا خولێکی تری هەڵبژاردن، هیچ یەکێك لەو گۆڕانکارییانە هاوتا نین لەگەڵ تێکڕای گۆڕانەکانی هەرێمدا.

## الملخص

جميع العمليات الانتخابية تنفذ لسكان منطقة معينة او اقليم معين، بعض من السكان هم من الناخبين و البعض الاخر هم من المرشحين ، وفي النهاية بعد ادلاء اصواتهم بعض من المرشحين يفوزون بمقاعد برلمانية و مناصب اخرى، الفائزون يشرعون القوانين و يحكمون البلاد ، كثرة وقلة عدد سكان منطقة ما له اثر على عدد الناخبين ثم على عدد المصوتين بالنتيجة يحسمون نتائج الانتخابات.

الذي يحصل الان في اقليم كوردستان هو ان هنالك تغيرات كبيرة في عدد السكان وهنالك تغيرات ديمغرافية فظيعة بين محافظات الاقليم من دورة انتخابية الى اخرى ، و حتى يمكن ملاحظة تلك التغيرات على صعيد نفس المحافظة من دورة انتخابية الى اخرى و بشكل متفاوت جدا بنسبة الى باقي المحافظات الاقليم.


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

## Abstract

When the process of election is implemented for the residences of a specific area, some of the inhabitants are voters and others are candidates, and eventually its with the voters' willpower that a number of the candidates are hand-picked as parliament members..etc, who issue certain rules and employ them later on upon the specific area's populations.

Population number affects the rate of election and this in turn authorizes the number of voters, and eventually affects the election results.

What is perceived in Kurdistan Region is that there is discrepancy in the election results, whether in the number of populations, or the election results of one of governorate to another, or even within the election of one individual governorate itself, as the election results do not go hand-in-hand or parallel with the total changes of the region.




e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## پاشکۆ

### پاشکۆی ژمارە(١)

### خەمڵاندنی دانیشتوانی پارێزگای دهۆك بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ١٩٩٢/٥/١٩



جدول مفصل عن عدد سكان محافظة دهوك في سنة ١٩٩٢

١- عدد سكان محافظة دهوك حسب تعداد سنة ١٩٨٧: ٢٩٣٣٠٤

ملاحظة: من نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧ إصدار الجهاز المركزي للإحصاء ١٩٨٨.

٢- نتائج حصر سكان الأكراد العائدين لسنة١٩٨٩ مع الزيادة التقديرية: ٦٥٩٤

٣- عدد سكان حصر سنة ١٩٩٢ للعائدين من تركيا وايران: ٥٣٧٤٣

٤- الزيادة في سكان محافظة دهوك لغاية ٩٢ (تقديرات) نسبة زيادة ٣.٣٪ في السنة: ٤٥٥٠٨

٥- المجموع: ٣٩٩١٤٩

٦- عدد سكان عقرة والشيخان لسنة ١٩٩٢ (حصر): ١٨٧٠٧٣

ملاحظة: كما وردت من فروع الجبهة الكردستانية في تلك المناطق على شكل استمارات وتم فرزها في مقر مديرية احصاء دهوك.

٧- عدد الأكراد من سكان محافظة دهوك والموجودين في مجمعات (دبابيكر، موشة، ميردين) في سنة ١٩٩٢: ٢٠٠٤٣

٨- المجموع العام للسكان: ٦٠٦٢٦٥

تم تزويد هذه البيانات الى السيد وكيل محافظة دهوك بتاريخ ١٩٩٢/٦/١٧ ومن قبل مدير احصاء دهوك. ووكيل محافظة دهوك حينذاك كان على قائمة الاتحاد الوطني الكوردستاني.


102

سەرچاوە: بەدران بەدران ئەحمەد حەبیب، هەڵبژاردنەکانی کوردستان ١٩ ئایار١٩٩٢ بەڵگەو دەستهاوێژ،چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر ،١٩٩٨،ل١٠٢


e-ISSN (2522-7130)   p-ISSN (2410-1036)

## پاشکۆی ژمارە(٢)

### ژمارە و ناوی بنکە و ژمارەی هەڵبژێری خەمڵێندراو بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ١٩٩٢/٥/١٩



المراكز التابعة للمنطقة الإنتخابية الرابعة

چم چمال

رقم واسم المركـــــــــز وعدد الناخبين التقديري

١. مدرسة اختر الإبتدائية المختلطة في چم چمال: ١٢٠٠٠
٢. مدرسة روز الإبتدائية المختلطة في چم چمال: ١٢٠٠٠
٣. مدرسة سه رباز الإبتدائية المختلطة في شورش: ٨٠٠٠
٤. مدرسة الشعله الإبتدائية المختلطة في شورش: ٨٠٠٠
٥. مدرسة نصر الإبتدائية المختلطة في شورش: ٨٠٠٠
٦. مدرسة ١٧ تموز: ٨٠٠٠
٧. مدرسة به رده قاره مان الإبتدائية المختلطة في تكيه كاكه مند: ١٠٠٠٠
٨. مدرسة النهضة الإبتدائية المختلطة في دربندخان: ٥٠٠٠
٩. بناية المركز الصحي في دربند بيلوله التابعه للقضاء خانقين: ٣٠٠٠
١٠. مدرسة سلام الإبتدائية المختلطة: ٣٠٠٠
١١. مدرسة ألون الإبتدائية المختلطة في قضاء كلار: ١٠٠٠٠
١٢. مدرسة زوزك الإبتدائية المختلطة في قضاء كلار: ١١٠٠٠
١٣. مدرسة رسالة الإبتدائية المختلطة في قضاء كلار: ١١٠٠٠
١٤. مدرسة قانع الإبتدائية المختلطة في ناحية الصمود: ١٠٠٠٠
١٥. مدرسة قاو الإبتدائية المختلطة في ناحية الصمود: ١١٠٠٠
١٦. مدرسة كفري الإبتدائية المختلطة في قضاء كفري: ١٠٠٠٠

عدد المراكز: ١٦
عدد الناخبين: ١٤٤٠٠٠

67

سەرچاوە: بەدران بەدران ئەحمەد حەبیب، هەڵبژاردنەکانی کوردستان ١٩ ئایار١٩٩٢ بەڵگەو دەستهاوێژ،چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر ،١٩٩٨،ل٦٧.